مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# تقنية السرد في رواية «الوِن» لأحلام منصور

م.م. نارين صديق مام كاك
nareen.mamkak@su.edu.krd
قسم المحاسبة، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين - أربيل، كردستان، العراق

**الكلمات المفتاحية:** تقنية , السرد , رواية , رواية «الوِن», أحلام منصور

**كيفية اقتباس البحث**

مام كاك , نارين صديق , تقنية السرد في رواية «الوِن» لأحلام منصور ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# The Narrative Technique in Ahlam Mansour's Novel "Alwan"

**Nareen Sadiq Mamkak**
nareen.mamkak@su.edu.krd
**Department of Accounting, College of Administration and Economics, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Iraq**

**Keywords** : technique, narrative, novel, "The Win" novel, Ahlam Mansour

**How To Cite This Article**
Mamkak , Nareen Sadiq ,The Narrative Technique in Ahlam Mansour's Novel "Alwan" ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
In general, the emergence of any new literary phenomenon is the first reason and the main source of the need for the birth and change of criticism of the same phenomenon or new genre and subject. In the sense that literary criticism is always related to something else called literary works without literary works we will never have anything called literary criticism because criticism is not a creative process always works on the body of the text Therefore, we see that the emergence of novel criticism appeared much later due to the late emergence of this genre in Kurdish literature. This study aims to analyze and evaluate the **narrative technique in Ahlam Mansour's novel *Alwan*, which presents a por**trayal of social life in the city of Khanaqin during a specific historical period. Employing an analytical critical approach, the study examines the structure and methods of narration in the novel and identifies their relationship to content, characters, time, setting, and events. It also evaluates the work as a regional novel situated within the framework of critical realism, highlighting several social issues, including class inequality, oppression of women, poverty, and the authority of aghas and feudal lords. At the same time, the study points to certain artistic weaknesses, particularly in character construction and the logic

underlying some events. It concludes that narrative technique plays a fundamental role in the novel's artistic structure and constitutes an important means of conveying the author's vision and message.
We have divided the discussion into several topics:
Introduction, introduction, six related sections, then the last section of the discussion is devoted to the conclusion of the discussion.

**الملخص**

بشكل عام، يُعدّ ظهور أي ظاهرة أدبية جديدة السبب الرئيسي والأساسي لظهور النقد الأدبي وتطوره، سواءً كان ذلك لنفس الظاهرة أو لنوع أدبي أو موضوع جديد. فالنقد الأدبي مرتبطٌ ارتباطًا وثيقًا بالأعمال الأدبية، وبدونها لن يكون هناك نقد أدبي، لأن النقد ليس عملية إبداعية، بل يُعنى دائمًا بجوهر النص. لذا، نلاحظ أن ظهور النقد الروائي كان متأخرًا نسبيًا، نظرًا لتأخر ظهور هذا النوع الأدبي في الأدب الكردي.تهدف هذه الدراسة إلى تحليل وتقويم **تقنية السرد في رواية «الوِن» لأحلام منصور** التي تقدم صورة عن الحياة الاجتماعية في مدينة خانقين خلال مرحلة تاريخية محددة. وتعتمد الدراسة منهج النقد التحليلي في بحث بنية السرد وأساليبه في الرواية، وتحديد علاقته بالمضمون والشخصيات والزمن والمكان والأحداث. كما تُقوَّم الرواية بوصفها رواية إقليمية وعملًا يندرج ضمن إطار الواقعية النقدية، إذ تسلط الضوء على عدد من القضايا الاجتماعية، منها عدم المساواة الطبقية، والظلم الواقع على المرأة، والفقر، وسلطة الآغا والإقطاعيين. وفي الوقت نفسه، تشير الدراسة إلى بعض مواطن الضعف الفني، ولا سيما في بناء الشخصيات ومنطق بعض الأحداث. وتخلص الدراسة إلى أن تقنية السرد تؤدي دورًا أساسيًا في البناء الفني للرواية، وتمثل أداة مهمة في نقل رؤية الكاتبة ورسالتها.
قمنا بتقسيم المناقشة إلى عدة مواضيع: مقدمة، مقدمة، ستة أقسام مترابطة، ثم يُخصص القسم الأخير من المناقشة لخاتمة المناقشة.

**تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئەڵوەن) ی ئەحلام مەنسووردا**

**م. ی. نارين صديق مام كاك**
nareen.mamkak@su.edu.krd
**بەشی ژمێریاری ، کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری ، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، کوردستان، عێراق**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی »ئەڵوەن«ی ئەحلام مەنسووردا، کە وێنەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی شاری خانەقین لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا پێشکەش دەکات. توێژینەوەکە بە میتۆدی ڕەخنەی شیکاری، بنیات و شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و پەیوەندییان بە ناوەڕۆک، کارەکتەر، کات، شوێن و ڕووداوەکانەوە دەستنیشان دەکات. هەروەها، ڕۆمانەکە وەک ڕۆمانێکی هەرێمی و بەرهەمێک لە چوارچێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەدا هەڵدەسەنگێنرێت، کە تیشک دەخاتە سەر چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی، لەوانە نایەکسانی چینایەتی، ستەم لە ئافرەت، هەژاری و دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگ. توێژینەوەکە لە هەمان کاتدا ئاماژە بە هەندێ

لاوازیی هونەری دەکات، بە تایبەتی لە دروستکردنی کارەکتەرەکان و لۆژیکی هەندێ ڕووداو. لە کۆتاییدا، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەکنیکی گێڕانەوە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە بنیاتی هونەری ڕۆمانەکەدا هەیە و ئامرازێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی دید و پەیامی نووسەر.

**وشەی سەرەکی: تەکنیک، گێڕانەوە، ڕۆمان، ڕۆمانی "براوە"، ئەحلام مەنسور**

**پێشەکی:**

بەگشتی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هەر بابەت و ژانەر دیاردەیەکی نوێ و تازەی ئەدەبی هۆکاری یەکەم و سەرچاوەی سەرەکی پێویستی لە دایک بوون و هاتنە گۆڕی ڕەخنەی تایبەتە بە هەمان دیاردە یاخود ژانەر و بابەتە تازەیە . بەو مانایە کە هەمیشە ڕەخنەی ئەدەبی هونەری لەگەڵ شتێکی دیکەدا پەیوەندییان هەیە کە پێی دەڵێن بەرهەمی ئەدەبی هونەری بەبێ بەرهەمی ئەدەبی هیچ کات شتێکمان نابێ بەناوی ڕەخنەی ئەدەبی چونکی ڕەخنە نە وەک پرۆسەیەکی داهێنەرانە هەمیشە کار لەسەر جەستەی دەق دەکات و دواجار ئەم ڕەنگدانەوەی بەرهەمەکەی هەمیشە ڕێنوین و پیشاندانی نرخ بایەخە جوانکاری و ئەخلاقیەکانیەتی لە دایکبوون و پەیدابوونی ڕەخنەی ڕۆمانییش لەو یاساو ئەو ئامانجە بەدەر نییە هەر بۆیە دەبینین کە سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕۆمان بەهۆی درەنگ سەرهەڵدانی ئەم ژانەرە لە ناو ئەدەبی کوردیدا گەلێک درنگتر پەیدا بووە.

بە گوێرەی تۆماری مێژوویی ئەدەبیمان لە دایک بوونی یەکەمین ڕۆمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی پێشوو کەچی ڕەخنەی ڕۆمان لێکۆڵینەوە لەم ژانەرە تەنیا لە هەشتاکانی هەمان سەدەدا سەری هەڵدا دەربارەی شیعریش ئەوە ئیدی مەسەلەکە کارەساتبارترە چونکە ڕەخنەی شیعریمان بە هەزاران ساڵ دوای دەقی شەعریمان چاوی بە دونیادا هەڵێناوە .

ئەم توێژینەوەش کە دەکەوێت خانەی رخنەی ڕۆمانەوە هەوڵێکە بۆ بە سەرکردنەوەی ڕۆمانێک کە تا ئێستاش بە دێڕێک پەرەگرافێک لە لایەن هیچ ڕەخنەگر و نووسەرێک بە چاک یاخود لاواز ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە ڕۆمانی ،،ئەڵوەن ،،کە لە لایەن خاتوون ئەحلام مەنسوورەوە نووسراوە نووسەر خۆی لە دانیشت یەکدا ئاماژەی پێدا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو نووسراوە بەڵام بە هۆی کەش و هەوای سیاسی و کە لەگەڵ پەیام و ناوەڕۆکی ڕۆ مانەکەدا نەگونجاوە لە چاپدانیدا کەوت بۆ ساڵی ٢٠٠٤ .

هۆکاری ئەوەی کە ڕۆمانی ئەڵوەن . م هەڵبژارد بۆ باسەکەم ئەوە بوو کە ئەم بەرهەمە لە کاتی بڵاو بوونەوە هەتا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە هیچ قەڵەمێک بەسەری نەکردووەتەوە ئەمەش گرفتێکی گەورەی مەیدانی ئەدەبی کوردییە کە نزمی ئاستی وشیاری و لاوازی بزاڤی ڕەخنەگریمان پیشان دەدا.

جگە لەوەش هەڵبژاردنم بۆ تەکنیکی گێڕانەوە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم لایەنەش بۆ خۆی لایەنێکی گرنگی بنیاتی ڕۆمانە و بابەتێکە کە زۆر کەم باسی لێوە کراوە مەگەر ئەوەی کە لێرە و لەوێ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا یاخود لە هەناوی بابەتی دیکەدا سەرەپێی باسی لێوە کرابێت ئەوەش لەو لاوە بووەستێ کە تەکنیکی گەڕانەوە لە ڕۆمانی ئەڵوەندا پێشینەی نەبووە وەک باس و توێژینەوە .

ئامانجم لەو باسە ئەوەیە کە لە لایەکەوە تۆزی فەرامۆشی لەسەر لاپەڕەکانی ئەو بەرهەمە بتەکێنینەوە لە ڕوویەکی تریشەوە بینای گێڕانەوە کە بڕبڕەی ڕۆمانەکەیە دەستنیشانکەری لایەنە هونەرییەکانیەتی بیخەینە بەر لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندن و سەرەنجام ئاشنا بین بە لایەنێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەم ڕۆمانە .وە لێ ئەوەی ڕاستی بێت لەم کارەمدا ڕووبەڕووی

چەندین گیر و گرفت بوومەوە کە لەوانەیە کاریگەری نەگەتیڤیشیان لەسەر ئاستی پێ بێژی و دەوڵەمەندی باسەکە هەبێ لەوانەش :
گرفتی نەبوونی هیچ نووسراو ئەو سەرچاوەیە کە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەم ڕۆمانە قسەی کردبێت و منیش کەڵکی لێ وەربگرم .
کەمی سەرچاوە لە لەسەر بابەتی تەکنیکی گێڕانەوە بە زمانی کورد.
ساغ نەبوونەوەی ڕەخنەسازانی بواری ڕۆمانی کوردی لەسەر ناونانی هەندێک تەکنیک وەک نەبوونی کۆڕایی لەبارەی زاراوەکانی گەڕاندنەوە گەڕانەوە پێشکەوتن پێشبینی هێنانە پێش ....هتد
هەژاری کتێبخانەی کوردی لەوە خۆگرتنی سەرچاوە وە بە زمانەکانی دیکە . بە هەر حاڵ باسەکە سەرەڕای ئەو گرفتانەش بە گوێرەی توانای سنووردار و کۆششی ،،خاکەڕا ،،یانەمان هەوڵی داوە تیشکێک بخاتە سەر تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانە بێ ناز و فەرامۆش کراوەدا بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدی ڕەخنەیەکی شیکاری پراکتیک مان بە کار هێناوە واتە شتەکانمان لە ڕووی تیۆریەوە باس کردووە پاشان بە نموونەوە شیمان کردووەتەوە بۆ ئەم مەبەستەش باسەکەمان دابەش کردووە بە سەر چەندین تەوەر دا :
پێشەکی ،دەسپێک،شەش بەشی پەیوەندی دار ،پاشان دوابەشی باسەکەمان تەرخان کردووە بۆ ئەنجامی باسەکە .

**دەسپێک :**

ڕۆمان وەک ژانەرێکی ئەدەبی و جۆرێکی زیندووی ئەدەبی سەردەم کە پتر زۆرتر لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەب ڕەنگدەرەوەی خەون و خولیاو سوێری و شکست و سەرکەوتنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە ئێستایەکی پرشنگ دارتری هەیە لە نێو ژانەرەکانی تری ئەدەبدا هەڵبەت لە پشت ئەم پێگە بڵند و دیارەی ڕۆمانی شەوە چەندین فاکتەر خۆیان حەشار داوە کە هەر یەک لەو فاکتەرانەش بە قورسایی خۆیەوە پەیوەستە بە ڕۆڵ و ئەتوانی ئەم هونەرە مۆدێرنە لە گوزارشت کردن لە خەون و خولیای تاکەکانی کۆمەڵگا ،وە دواجار خەون و خولیاکانی کۆمەڵگە قسەکردن و وەستان لەسەر ڕۆمان هەروەها دەستنیشانکردنی بنەما شوێنەکانی لە دایک بوون جۆرەکان و پێناسە ...تادا بە جۆرێکی قووڵ و زانستی و لە ئەرک و هەنگاوە هەرە پێویست و ماناداری ناوەندەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و گەلانی پێشکەوتووی ئەمرۆیە چونکی(( ڕەنگە هیچ کەم لەو وشانەی کە وەک ناو بۆ دەسیشانکردنی ژانەرەکانی ئەدەب دانراون بە قەد دەروشەی ئینگلیزی (ڕۆمان / NOVEL)دەربڕ و پرواتە نەبێت))(حسێن، ٢٠٠٦،ل١٠٦٠) .
وشەی نۆڤڵ کە بە کوردی مانای تازە نوێ دەبەخشێ ئەو ژانەرەیە کە لە کاتی پەیدابوونیەوە تا ئێستەمان بەردەوام لە گۆڕان دابووە و ئەم گۆڕان و نوێ بوونەوەش بۆتە بەشێکی پێویست لە سروشتی جا لەبەر ئەوە کە ((ڕۆمان ئاوێنەیەکی بێگەردی شارستانییە هەر میللەتێک ئەگەر لێکۆڵینەوەی باری پێشکەوتن و شارستانییەتی بۆ بکرێ دەبێت لە ڕۆمانەکەیەوە تیشکی بخرێتە سەر))(رشید،٢٠٠٧،ل٥) هەر بۆیە پێویستە بکەوینە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وەی ئەم دیاردە گرنگە کە سەدان ساڵ پێش ئێست دا لە ئامێزی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا چاوی بە دونیا هەڵهێنا و لەسەر دەستی گەورەنووسەران هونەرمەندانی بلیمەت پێگەیشت و بنچینەکانی دانران ئەوەتانێ گەشەکردن و باڵاکردنی ئەم ژانەرە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە برەو دایە و ڕۆمان لە بەردەم ئامێر و تەکنەلۆژیا و چەرخی خێرای پاشەکشە ناکات.
کەوایە زۆر بە جێیە ئەوەندەی کات دەرفەت دەدا و توانا پێی دەکرێ لە سروشت و ژیانی ئەم داهێنراوە مەزنەی مرۆڤ ڕامێنین و وێستگە گرنگەکانی ڕەوتی پڕ لە گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بناسین ئەمەش بەوە دەکرێ کە خوێندنەوەیەکی خێرای مێژوویی بۆ بکەین و ئیدی لەوێشەوە وەڵام بە چەندین پرسیار بدەینەوە کە هەریەک لەم وڵامانەش پەلکێشی چەندین ژینگە و قۆناغ و کەلتووری جیاوازمان دەکا سەرەنجام دەمانگەیەنێتە ئامانجی سەرەکی و مەبەستی ڕاستەقینەی باسەکەمان کە بریتییە لە ناسین و دەستنیشان کردنی ڕۆمان.

جا بۆ ئەوەی بەم مەبەستەش بگەین دەبێ ئاوڕێک لەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتی و فکری و ئابوورییانە بدەینەوە کە ڕۆمانیان هێناوەتە بەرهەم و زەمینە زمانی سەرهەڵدانی ڕەچاو بکەین و هاوکات وەک لقێک لە لقەکانی تری ئەدەب تەماشای بکەین کە بە ژانرەکانی ترەوە پەیوەستە و کاریگەرە چونکی ئەدەبی گێڕانەوە کە چەندین ژانەر دەگرێتە خۆی لە زۆر ڕووەوە نزیکایەتییان لەگەڵ ڕۆمان دا هەیە لەگەڵیدا هاوبەشن تەنانەت هەندێکیان ڕوویەکی دیکەی ڕۆمانن لەوانەش ڕۆمانس کە ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە دەرکەوتنی ڕۆماندا و بە بنەڕەت و قۆناغی سەرەتایی ڕۆمان دەژمێرد درێت.

لە پۆلێنکردنیشدا ئەدەبی گێڕانەوەیی(( واتە هەر بەرهەمێکی گێڕانەوەیی پەخشانی داهێنەرانە کە پەیوەندییەکی واتادارانەی لەگەڵ دونیای واقیعی دا هەبێ دەکەوێتە چوارچێوەی ئەدەبیاتی داستانییەوە ئەدەبیاتی داستانیش چیرۆک و ڕۆمانس کورتە چیرۆک وەبەرهەمی لەو بابەتانە دەگرێتەوە هەرچەندە هەندێ ژانەری پێش ڕوومان ڕۆمانیش نزیکایەتیان لەگەڵ ڕۆماندا هەیە بۆ نموونە گێڕانەوەی حیکایەتیان تێدایە وە لێ ئەدەبی داستانی بە پێی ڕای پسپۆڕان ژانەرەکانی ئەدەبی وێنانی کۆن واتا بەرهەمی حەماسی لیریکی درامی و تەعلیمی ناگرێتەوە.))(ڕشید، ٢٠٠٧،ل٥)

## بەشی یەکەم

### ئەڵوەن . لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ڕۆمانی ،،ئەڵوەن ،،کە زادەی عەقڵ و ئەندێشەی ژنە چیرۆک نووس ئەحلام مەنسوورە ئاوێنەی ژیانی پڕ تراژدیا و پڕ کۆڵەمەرگی کۆمەڵگەیە کە تا سەر ئێسقان لە زەلکاوی دواکەوتوویی گوناهـ و تاوان و نا دادیدا نوقم بووە ،، ئەلوەن ،،وەک لە ناوەکەیدا دیارە ناوچە یاخود شارێکی ناسراوی ڕاستییە کە لەسەر نەخشەدا دەیبینین و کۆمەڵێک خەڵکی ڕاستەقینەی تێدا ژیان بەسەر دەبەن واتە ئەم شارە کە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە بەرهەمی خەیاڵی نووسەر نییە بەڵکو شارێکە هەزاران ساڵ لە تەمەنی تێ دەپەڕێ و دەیان قۆناغی پڕا و پڕی بڕیوە ئیدی نووسەر هاتووە لە ڕووی زمانی وشەوە زمانێکی مێژوویی دیاری دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان و کەسایەتییە هونەرییەکان کە زادەی خەیاڵن لەو چوارچێوەیەدا بسوڕێنەوە و بژین

.

بەم پێیە ڕۆمانی ئەڵوەن ((کەڵکی لە هەندێ توخمی ڕاستەقینەی ڕووداوی مێژووی وەرگرتووە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان واقیعی تر بن و کەسایەتییەکان بەرەو کامڵبوونی تەواو بچن لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە لە پۆلێنکردنی ڕۆمانی ئەڵوەندا)) کامە جۆری ڕۆمان گونجاوە؟ ئایا بەو پێییەی کە شوێن لە ناوەڕۆک لە ناو ڕۆمانەکە دەبێتە خانەقین و ڕووداوێکی گەورەی ناوڕۆمانەکەش کە شۆڕشی چواردەی تەمووزی پەنجا و هەشتە ڕووداوێکی مێژووی ڕاستەق لەنێو کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان و ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتری هەیە دەتوانین بە ڕووداوێکی مێژوویی ناوزەندی بکەین؟



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ مەرجەکان بە مێژووی ناساندنی ڕۆمان و پێناسەکەی لە پێناسەیەکی ڕۆمانی مێژوویدا هاتووە کە ((وەک چۆن لە ناوەکەیەوە دیارە ڕۆمانی مێژوو ڕووداوەکان و کەسایەتیەکان دەخاتە چوارچێوەیەکی مێژووی دیار و ناسراوەوە, هەروەها ڕەنگە کۆمەڵێک کەسایەتی هونەری ڕاستەقینە لە خۆبگرێ ))(عگیە،١٩٩٦،ل٢٥) لەم پێناسەو گەلێکی تر لە پێناسەی مێژوویدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە ڕۆمانی مێژووی ڕووداوێکی مێژووی وەردەگرێ وە هەندێک کەسایەتی واقعی مێژووژیش وەردەگرێ ئینجا لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دەیانخاتە ژیان بەڵام ئەڵوەن ی ئەحلام منسوور نە ڕووداوێکی تاریخی کردۆتە بابەتی ئەسڵی خۆی و نەکەسایەتی تاریخیش ئەوەندە هەیە لە چەند ڕوویەکی لاوەکیەوە نەفەسێکی مێژوویی پێوە دیارە بۆ وێنە شاری خانەقین وەک شوێن داب و نەریت و بیر و باوەڕی خەڵکی خانەقین ، شۆڕشی تەمووز، ئەمانەش چونکی بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە نین ناتوانین ئەڵوەن بکەینە ڕۆمانێکی مێژوویی چونکە ڕۆمانی مێژووی ئەوەیە ( جارێکی تر وێنەکە پیشان دەداتەوە بێ ڕتووش و بێ شەرم لەبەر ئەوەی ژیان بەو جۆرە بووە نەک بەو شێوەیە مێژووی ڕەسمی دەخاتە ڕوو).(مونیف،٢٠٠٦،ل١٠٥)

لێرەوە بە بیستنی ناوی ڕۆمانی ئەڵوەن ناوی ڕۆمانی (شار)ی حوسێن عارف . مان بیر دەکەوێتەوە کە ئەویش هەمان حاڵ و تایبەتمەندی ئەڵوەنی هەیە چی لە وەرگرتنی شوێن و چی لە هەڵبژاردنی کارەکتەرەکان و... تاد . دیارە لەوێ باسی لە شاری سلێمانییە لێ سەرەنجام ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ڕۆمانی ئەڵوەن کام جۆری ڕۆمانە لە وەڵامدا دەڵێین بەو تایبەتمەندییانەی کە لە ڕۆمانەکەدا دەبینرێ و بەو شێوازەی کە لەگەڵ شوێنی ڕۆمان و ڕووداوە کارەکتەرەکاندا مامەڵە دەکرێ جگە لەوەش بە پێی ئەو پێناسە و پۆل بەندییەی کە بۆ ڕۆمان کراوە ڕۆمانی ئەڵوەند دەچێتە خانەی ڕۆمانی هەرێمی ئیقلیمییەوە لەم ڕووەوە جێرمی هۆزرۆن بەڵێ ڕۆمانی هەرێمی گرنگییەکی تایبەتی ئەدا بە ژیانی هەرێمێک ی دیاری کراو ناسراو لە ڕووی جوگرافییەوە بەڵکوو یەکێکە لە باشترینەکانی جیهانیش وا باویشە کە هەرێمی مەبەست هەرێمی بە هەرێمێکە ڕۆمانەکە باسی دەکات پترگوند ئاسا بێت تا ئەوەی شار بێت.

ئێمەش بە پێی ئەو مەرجانەی کە بۆ ڕۆمانی هەرێمی دانراون دەتوانین بڵێین ئەڵوەنیش تۆماری ژیانی شار و ناو چی خالقینە وە دوای خوێندنەوە و لێبوونەوەی ڕۆمانەکە هەست دەکا تا ڕادەیەک ئاشنا بووە بەو هەرێمە کەوابوو ڕۆمانی ئەڵوەن بێ هیچ گومانێک ڕۆمانێکی هەرێمیە ڕۆمانی ئەڵوەن کە لە مامەڵەکردنی دا لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگە و تاکەکاندا پێڕەوی لە ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە دەکات گەلێک بابەتی جۆراو جۆر و کێشەی جیاجیا دەخاتە ڕوو بێ بە پێ خوێندنەوە و خوێنەر لەگەڵ ئێگەی تخوا لە گایەتخواناندا دەچێتە پێش و ئاشنای ڕووداوی تازە کەسایەتی تازە دەبێت ناوەڕۆکی ڕۆمان باس لە قۆناغێکی مێژووی دەکات لە ژیانی دانیشتووانی شاری خانە خەین قۆناغێک لە پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و بەهاکانی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە زاڵبوون بە سەر ژیانی تاک و کۆمەڵدا جا چ لە شار بێ چ لە دێ ڕۆمانووس لە ڕێگەی کەکایەتخوانەکەیەوە ژیانی کەسایەتییەکانمان بۆ دەگەڕێتەوە کە سەنتەری ڕووداوەکان و تا کۆتایی ڕۆمان کە قورسایی ئەم کارەکتەرە بە سەر نۆمانەکەوە دەمێنێتەوە بەوە ڕۆمان باس سی ئافرەتێک دەکات کە نزمترین پێگەی کۆمەڵایەتی هەیە و ژیانێکی پڕ لە کۆڵەمەرگی دەباتە سەر ئەم ژنە کە بە خێر و بێری خەڵکان دەژی خانی سێ کچە و مێردێکی بێ دەسەڵات و فەقیرەکەشی هەیە زۆربەی کات ژن و منداڵەکان و پیاوانی دراوسێ و ناسیاری نەفرەتی دەکەن و سووک لێی دەڕوانن بەڵام ئەو بەرامبەر بەو بەخشندەو لێبووردەیە

بۆیە ئاکا لە هەموو شوێنێکی ڕۆمانەکاندا ئەوە بە چاوی خۆمان دەبینین کە نامەی شاکەس کارەکتەری سەرەکی چۆن هاوکاری لێ قەوماوان و تەنانەت گوناهبار و تاوانبارانیش دەکا هەر وەک نەوزاد ئەحمەد
ئەسوەد ئەڵێ ((هەندێ جار ( تێما ـ بابەت) یەک و شەو هەندێ جاریش لە وشەیەک زیاترە و تادەگاتە ڕستەیەک و ڕەنگە زیاتریش بێت ،لە ڕۆماندا ئیمە یان زیاد لە تێمایەک هەیە ))(ئەسوەد،٢٠٠٦،ل٦٩ )بە خوێندنەوەی ڕۆمانی ئەڵوەند ئێمەش چەندین تێما, یان بابەتمان بەرچاو دەکەوێت هەریەک لەو تێمانەش قورسایی و پشکی خۆیان لە ڕۆمانەکە بەرکەوتووە یەک لەو بابەتانەی کە بە شای ڕووداوانی ڕۆمانەکە دادەنرێت یان دەژمێردرێت قوربانی بوونی ئافرەتە لەو کۆمەڵگەیەی کە ڕۆمانەکە دەیخاتە ڕوو سەرجەم ڕووداوەکان لەو پەیوەندییە ناتەندروست و پڕ زەبر و زەنگەوە سەرچاوە دەگرن کە ژن تێیدا کۆچی قوربانییە لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆماندا چاومان بە ئەتک کردنی کچێک یان ئافرەتێک نەکەوێت ئافرەتێکە بە زۆر دەستدرێژی دەکرێتە سەر دەبێتە قوربانی لە بابەتی ئەوە کۆمەڵگا دەستی بۆ درێژکەنەوە زامی سارێژکەن تاوانباری دەستدرێژکار پەلکێش و ڕاپێچی دادگا و سزاخانە بکەن هەم دیسان بێ پەروە بە کوشتن و لەت و بەدکردنی ئافرەتی تەعدا لێکرا و کۆتایی بە ژیانی دێنن ئەو کۆمەڵگەیە کە بەگ و ئاغا و فەرمانڕەوایی بن و خەڵکەکەی بە دەست نەخوێندەواری و کەم دەرامەتییەوە بناڵێنن زۆر بە ئاسانی گرفتی نەخۆشی و دیاردە دزێوەکان دەبن .
بابەتێکی دیکەش کە لێی دەدوێ ناکۆکی و چینایەتییە ڕۆمان دیمەنی دوو چینمان پیشان دەدات چینی دەرەبەک کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان لەبەر دەست دایە خودی دەوڵەتیش پارێزەری قازانج بەرژەوەندییانە چینی خواروو کە جووتیار و  بازاڕیان و پیشەکارانی کەم داهاتی ئەو دەمی خانەقین پێک دێنن ڕۆمان نووس پیشانمان دەدا کە چۆن ڕەشید بەگ جگە لە حوکمەت و دارایی تەنانەت هەر خۆشی شەرع بووە هەروایە باس لەوە دەکات کە چۆن حەسەن ئاغا بە هۆی پێگەی چینایەتییەوە ئەو هەموو تاوانە دەرهەق بە دەوروبەری و ئەو هەموو ئافرەتە ئەتک دەکا کەسیش ناتوانێ قسە لە قسەی بکا و پێی بڵێ بانی چاوت ئەبرۆیە لە بڕگەیەکی ڕۆماندا ئەم تاوانە ناشرینانە حەسەن ئاغا کردبوویە پیشە زۆر بە جوانی لە زاری یەکێ لە قوربانییەکانەوە دەردەکەوێ ((ڕوو لە کوێ بکەم نەمدەتوانی بەرەو شارەزوور بگەڕێمەوە دەیان کوشتم لە دەستی ئاغاش ڕزگارم نەدەبوو پیاوەکانی پۆلیس قایمقام قاچاخچییەکان لەمانە سەیرتر خاتە حەزی لە ئاغا کردبوو ئەگەر دوو سێ ڕۆژ جارێک دیار نەبووایە منی دەنارده دوای دەمویست قسە بکەم کەچی بە ئاغای گوتبوو گوایە بە قسەم ناکات ئاغا گەلێ جار لە ناو بەغدا دەیبەستمەوە بە قەدی دارێکەوە و دارکاری دەکردم هەمووی لەسەر ئەوەی بە قسەی فاتەم نەکردووە بە بیانۆیەکەوە نەچووم بە دوای دا ))(مەنسوور ،٢٠٠٤،ل١٧٣)لێ تیمەیەکی تر کە ڕۆمانەکە کردوویەتی ڕێبازێک بۆ ژیان و لووتکەی ئینسانیەت بەخشندەییە بەخشندەیی بە چەمکە فراوانەکەی و شێوازە عیسایيەکەی ئەو شێوازەی کە وەڵامی خراپە بە چاکە دەداتەوە و بە هیچ جۆرێ توخنی تۆڵە ئەستاندن و ڕق و کینە وەری نەکەوێ ئێمە لە دەستپێکی ڕۆماندا تا کۆتایی ڕۆمان بەخشندەیی مرۆڤێکمان بەرچاو دەکەوێ کە خۆڕسکانە و لە شێوەیەکی سروشتی دڵساف و مرۆڤدۆست و خێرخواز چاکە کارە و بەرامبەر بەهەر سەختییەک خۆڕاگرەو بەرامبەر بە هەر خراپەکارییەک پێش وەخت لێبووردە و بەخشندەیە ئەو تەنانەت بیر لە پەنابردن بۆ بەری یاسا و دەستهەڵاتیش ئیتر ئەو دەسەڵاتە حکوومەت ئاغا و بەگ مەلا و پیاو ماقوڵان و دۆست و ئاشنایان هەرکێ بێ ناکاتەوە بۆ سزا گەیاندنی تاوانبار .


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٨

چەند بابەتێکی تر لەناو ڕۆمانەکەدا سەرەنجی خوێنەر ڕادەکێشێ لەوانەش پیشاندانی زۆرینەی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان وەک تاوانکار و گوناهکار و خراپەخواز و فێڵباز هەروەها درۆکردن و فێڵ لێکردن و تاوان دەرهەق بە پێکردن تاکەکانی سەر بە چینێک کە هەموویان شایەنی ئەوەن لەسەریان بوەستین و بیان دەینە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و ڕامانەوە ئەوەی ڕاست بێ خوێنەر دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی ڕۆمانی ئەڵوەند دەبێتەوە هەست دەکات کە ئەم جیهانە ڕۆماننووس خوڵقاندوویکی ڕەنگە زۆر لەگەڵ واقیعدا نەگوند ج لەوانەیە ئەمەش بۆ هەندێ هەڵەی تەکنیکی و مەعریفی بگەڕێتەوە کە بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە ڕەنگە هەڵەش بم نووسەر تێی کەوتووە و هەر بۆیە ئەوەندەی پێم دەکرێ هەوڵ ئەدەم ئەو. انە ئاوا ڕیزبەندی بکەم.

ڕۆمانوس ئەرکی بەخشندەیی و خۆڕاگری داوەتە پاڵ ئافرەتێکی نەخوێندەوار هەژار تلیاکێش ڕسوا بێ هەڵوێست کە هەموو هونەر و ئازایەتی ئەم ئافرەتە ئەوە بوو پەردەی کچانی ئەتکراوی دووری وتەوەو زۆڵەکانیشی زیندە بە چاڵ کردووە ئەمە چی لۆژیکێکی تێدایە کە ئەم ژنە ئامە لە ناو خەڵک ڕسوا بێت واتا تەنانەت بە دزی و دەغڵەیی کچێکی هەشت ساڵان ژیان بباتە سەر و تریاکێشێکی ناسراوی ناوشار بێت بێتە دەم ڕاستی گەڕەکەی خۆی و لەوەش سەمەرەتر ئەوەیە ببێتە ڕابەری خۆپیشاندەرانی شۆڕشی چواردەی تەمووز لە خانەکەین و بە دروستم و کۆبوونەوەکانی ئامانج و بیر و باوەڕی ئیقلابەکە بۆ جەماوە ڕوون بکاتەوە ئەمانە لە کاتێک دایە کە ئەو کات لە زەمانی شۆڕشی تەمووزدا بێکاتەی دانیشتووانی شاری خانەقین وەک سەرجەم شوێنەکانی دەوروبەری خێلەکی بووە وە هەر بەو پێش بایەخ و بەهاکانی خێڵ و چینی دەرەبەک و هەروەها جووتیاریش ڕێگەی بە هیچ ئافرەتێک نەدەدا ڕۆڵێکی لەو جۆرە ببینێ تا چەند خوێندەوار و خاوەن خانەدان و ئازاش بووایە نەخاسەمە ئامەیەکی سواڵکەری ""ترلیك کێشی ڕسوا.""

خاڵێکی دیکەی نەگونجاوی ئەو وێنەیە لە سەبارەت بە پەیوەندی ژن و پیاوی ناو ئەو کۆمەڵگەیە کە ڕۆمانەکە باسی دەکات دەیخاتە ڕوو خوێنەر لە هەموو بەشێکی ڕۆمانەکە بە ئەندازەی ناوی ئەو ئافرەتانەی کە لەنێو ڕۆمانەکەدا کار کارەکتەرن ئافرەتی ئەتکراو و ڕووداوی ئەتکردنی دەبینێ چ لە چینی خوارەوە چی لە چینی سەرەوەش کە ئەو دەمی دەرەبەکەکان بوون .

ڕۆمانەکە زۆر خراپ و نائاسایی و زیادەڕۆیانە ئەم کێشەیەی خستووەتە ڕوو دیسان ڕای نزیک لە ڕاستی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی خێڵەکی و فیئودا لێدا ئەم دیاردەیە زۆر نەگونجاوە بە تایبەتی ئەگەر کۆمەڵگەکە موسڵمان و کوردیش بێ ....

لەو هەڵە گەورانەی کە نووسەر تێی کەوتووە ئەوەیە کە لە هیچ کوێی ڕۆماندا هەڵوێستێک بەرامبەر بەو هەموو ستەموناداديیە کە لە ئافرەت دەکرێ نە لە ڕووی وورياییەوە نە لە ڕووی ڕێکەوتەوە لە لایەن خودی ئافرەتانەوە نابینرێ نانوێن نانوێندرێ بە پێچەوانەوە هەموو هەڵوێستەکە مل دان و تەسلیم بوون و قبووڵکردنی ئەو چارەنووسەیە لە سەرجەم ڕۆمانەکەدا لە سەر زاری هیچ کام لەو لەشکری قوربانییانە شتێکی دژ بەو ستەمانە لە ئافرەت دەکرێ نابینین کەچی ڕۆماننووس هەندێ شت دەخاتە زاری حکایەت خۆیان کە چ پەیوەندییەکی بە کارەکتەرەکانەوە نییە ((دەشێ ڕۆژێ هەموو ئەو هاوارانەی میمی و مەلیحە ئاساکان لە یەک کات و شوێندا ببێتە دەنگی مرۆڤایەتی و خواستی ئافرەت لە ڕووی زوڵم و بوەستێ ویژدان و کەرامەت و شەرەفی مچەو فەتاح و قەساب ئاساکان بلەرزێ و وەکوو هەورە تریشقە لە ساتێکی کەمدا بیان کاتە خۆڵەمێش)) (مەنسور ،٢٠٠٤،ل١٣٦ ) هەروەها تر ئەمە خوڵقاندنی کارەکتەر

و مرۆڤی لاواز و بێ هەڵوێستە  بە ڕاستی سەیرە وێناندنی ئەو سیستەمە بە جۆرێکە کە مرۆڤ نازانێ ئەو هەموو تاوانە دەرحەق بە ئافرەت کێ لێی بەرپرسیارە.
لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا باس لە نایەکسانی چینایەتی دەکرێ بەڵام لە هیچ کام لەو وێنانەدا نەک داوەرێک بەڵکوو بەو جۆرەی کە پێویستە ناکۆکییەکە نیشان نەدراوە بۆیە زۆر جار لەناو ڕووداوەکاندا تاوانبار دەستنیشان ناکرێ و مرۆڤ نازانێ سەرچاوەی ئەو گەشت نابەرامبەرییانە کامەیە و چییە ئەوی ڕاستی بێ چ وشیارییەک کە پەیوەندی بە هەردوو بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەوە هەبێ لە ئارادا نییە و لە ئەنجامدا خوێنەر هیچ ستەمێکی نەخراوەتە بەر دەست تا داوەری لەسەر بکات.
((مرۆڤ ڕۆڵەی ئەو ئاو کەوا کۆمەڵایەتییەیە کە تێیدا پەروەردە و لە دایک بوو))(پەڕەنگ ،٢٠٠٨،ل٣٥)ە ئەمەش مانای وایە کە مرۆڤ بیر و باوەڕی هەڵوێستی بڕیارەکانی سەرجەم ڕەنگدانەوەی واقیعە واتە مرۆڤ بە گوێرەی قازانج و بەرژەوەندی خۆی مامەڵە دەکات هەر ئەم واقیع و بەرژەوەندی و دەوروبەرن کە شێوازی هەڵسوکەوت و قسەکردنی دیاری و چوارچێوە دیار ئەکەن لێرەوە دەگەینە ئەوەی بپرسین ئایا ئەگەر ئەدەبی ڕیالیستی ڕەخنەگرانە بریتی بێ لە پێش چاندانی واقیعی ژیان و هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە نادادی و ناهەموارەکان ژیانی تاک و کۆمەڵ لەم حاڵەتەدا ئەم ڕۆمانە توانیویەتی ئەم دوو ڕۆڵە ببینێ و قەناعەت لای خوێنەر دروست بکات بێگومان ڕۆماننووس لە تەوزیفکردنی کارەکتەرەکاندا بە تایبەتی شاکەسی ڕووداوەکان (ئامە ) سەر نەکەوتووە چونکی وەک لە پێشاوتمان گرنگترین تایبەتمەندی ئەدەبیاتی ڕیالیستی وەسفکردنی مرۆڤە بە شێوەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بە گوتەیەکی دی ڕیالیزم لە زەمینە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی وەخت دا بۆ ڕەگ و ڕیشەی ڕەفتاری مرۆڤ دەگەڕێ ئەم شێوازە سیفەتە چاک و خراوەکان بە دیاردەی سروشتی و خودی مرۆڤ نازانێ بەڵکوو  بەرئەنجامی کۆمەڵگەیان دەژمێرێ ڕیالیست کەسێکە کە پەیوەندییەکانی تاک لە لایەکەوە و بیر و هزر و ئومێد و خەیاڵاتی بووچ ونا ئومێدی و کلۆڵی ئەوان تاک لە لایەکی دییەوە بەر ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری دیاریکراوی کۆمەڵایەتی بزانێ کە لە ژینگەیەکی تایبەتیدا دێتە ئاراوە و لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا نامێنێ.
وەلێ کەسایەتی ئاما لە ڕادەبەدەر سیفەتی چاکە و بەخشندەیی و پڕ بەخشراوە و لە هیچ شوێنێکی ڕۆماندا ئێمە کاردانەوەی ""ئامە"" نابینین وەک ئەوەی "ئامە"" لەبەر دروست کرابێت ئیدی ئێمە لە ڕۆماندا کەسایەتییەک دەبینین کە هیچ شتێک کاری لێ ناکا و قەت بیر ناکاتەوە و هەرگیز دوو دڵیش بەرامبەر بە ڕووداوەکان و کارەکانی خۆی نانوێنێ ئەمەش سیفەتی پاڵەوانی ڕیالیست نییە بەڵکوو ئەمە سیفەتی فریشتەکانە ئەو فەلسەفەیەی کە دەڵێت مرۆڤ یان چاکە یان خراپە لە ئەدەبی ڕیالیزدا جێی نابێتەوە هەروەها ئێمە لە کەسایەتی ئامەدا هیچ ئاڵ و گۆڕ و گەشەکردنێک نابینین لە دیوی ناوەوە واتە کامیرای نووسەر نەدیوی ناوەوەی ئامەی پیشان داوە تا ئیمە بزانین کە کەی هەڵدەچێ تا ئاستی بیرکردنەوەو ڕەق و خۆشەویستی بەخشندەیی دواجار هەڵکشان و داکشانەکانی ناوەوە بزانین وەنە هەڵوێستی وشیارانەی دراوەتە پاڵ کە ئەمەش دیسان لە پاڵەوانی ڕیالیستی بە دوورە.
دواشت کە لە بارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانی ئەڵوەنەوە پێویستە بیزانین ئەوەیە کە ڕووداوەکانی کەسایەتەکانی لۆژیکەکەی قەناعەت بە خوێنەر ناکا و هەر زوو خوێنەری وریا هەست دەکا کە نووسەر چ لە هەڵبژاردنی کارەکتەر و چ لە دیاریکردنی ڕۆڵ و ڕووداوەکاندا کەوتەتە زۆر هەڵەوە لەم بارەیەوە ""کۆلیریدج""  دەڵێ ((ژیانی هەموو مرۆڤێک چەندە هیچیش بێت گەر بە

ڕاستگۆیی بگێڕێتەوە خۆشە ))(قادر ،٢٠٠٩،ل٦٣)لێرەش مەبەست ئەوەیە گێڕانەوە نزیکبێت لە ڕاستییەوە وە لەگەڵ عەقڵ و واقیعدا بێتەوە وە لێ لە ڕۆمانی ئەلوەن دا ئامە لە واقیعەوا نزیک نییە وەک چۆن عەبدول ڕەحمان مونفی گەورە ڕۆمان نووسی عەرەب دەڵێت کەسێتی ناو ڕۆمان دەبێت وردە وردە لە ئەنجامی پراکتیکدا سیفەتەکانی خۆی بە دەست بهێنێت و واتە بە حەق خۆی بیگاتێ و لە ئەنجامی ئەوکردارانەی کە ڕووداوی ڕۆمانەکە دروستی دەکات نەک لە ئەنجامی ئەو سیفەتانەوە بێت کە ڕۆمان نووس دەیخاتە پاڵی چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا دەبێتە بەشێک لە ئەدگارەکانی و لە حاڵەتی دواییشدا لە چەند وشەیەکی جوانکاری دەرناچێت لێرەوە دەڵێم لەم ڕۆمانەدا ڕووداو هەڵوێست و کەسایەتی ناخولقێنێت و واقیع لۆژیک لەو پەڕی لاوازی دان هەر بۆیە خوێنەر زۆر بە ئەستەم باوەڕ بەم کەسایەتییانە دەکات.

## بەشی دووەم

**پێناسەی گێڕانەوە:**

زارەوەی گەڕانە وەک زارەوەیەکی ئەدەبی ڕەنگە یەکێک لەو زارەوە ئەدەبیانە بێت کە پتر لە لایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە بە تایبەت ڕەخنەگران و لێکۆلارانی ڕۆمانەوە کەوتبێتە بەر باس توێژینەوە ئەمەش بۆ گرنگی ڕۆڵی ئەم تەکنیکە دەگەڕێتەوە لە چنین و بەرهەمهێنانی ژانەری ڕۆماندا.

بە کورتی گێڕانەوە پرۆسەیەکە (( روبەرێکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردووە چونکە هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگەکاندا دەرکەوت دوا تەنانەت لە زمانی هێما و بە باشەکردن و لە هونەری شێوەکاری و لە مێژووشدا بوونی هەیە))(عوسمان ،٢٠٠٦،ل٤) گێڕانەوە دیاردەیەکی تایبەتە بە مرۆڤە و ((هەر مرۆڤێکیش لە گێڕانەوەدا شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە))( هەمان سەرچاوە ) ئیدی مرۆڤ بەبێ کردەی گێڕانەوە نە دەتوانین ڕابردوو بگێڕێتەوە نەدەتوانی ئێستاش بگوێزێتەوە بۆ ئایندە .

وەک لە سەرەتا دا ئاماژەمان پێدا زاراوەی گێڕانەوە لە ڕەخنەی ئادەبیدا بە تایبەت ڕەخنەی ڕۆمان پانتایەکی فراوان داگیرکردوە"" عەبدوڵڵا ئیبراهیم ""لە بارەی گێڕانەوە دەڵێ"" ((ئاماژە فەرهەنگ قاموس"" یە زاراوە کەی ئەوە دەردەخات کە ئامرازێکی بنەڕەتی چالاکە لە پرۆسەی بونیادنانی دەق دا گێڕانەوە ئامرازی پێکەوە گرێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو توخمە هونەرییانەیە کە تێکستەکەی لەسەر هەڵدەچنرێ ئیدی ئەو دەقە مەلحەمە ڕۆمان یاخود کورتە چیرۆک بێ بێت ئەوژانەرانەش هەر بە هۆی شێوازەکانی گێڕانەوە لە یەکدی جیا دەکرێتەوە جگە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەیان ))(ابراهیم ،١٩٨٨،ل ٢٧)ڕەخنەگرێکی دیکە لە بارەی گێڕانەوە دەڵێ ((ڕۆمان هونەرێکە لێکدراوە لە کات و شوێن زیاتر لە ڕەگەزی گێڕانەوە دا دەردەکەوێت کە ڕەگەزەکانی تر چونکە وەسف تەنها تایبەتە بە شوێن و ئەو شتانەی کە لە خۆی دەگرێت هەرچی گێڕانەوەیە کۆمەڵە ڕووداوێک دەگرێتەوە کە بە یەک جار لە کات و شوێندا ڕوویان داوە هەرچەندە زیاتر پەیوەندی بە کاتەوە هەیە زیاتر لە پەیوەندی بە شوێنەوە.))(عوسمان،٢٠٠٦،ل٨)

ئێمە کاتێک کە باس لە گێڕانەوە دەکەین مەبەستمان لەو تەکنیکەیە کە هۆکاری یەکەم و سەرەکی سەرکەوتوون و نایابی دەقێکی ڕۆمانە هەروەها پێچەوانەکەشی واتا سەرکەوتنی ڕۆمانووس لە بەرهەمهێنانی دەقێکی دەبێ باڵادە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنان و دۆزینەوەی گێڕانەوەی گونجاو بەو پێیە ((حەکایەت وەکو بنەمایەکی گوتاری ڕۆمان ئەوەندە گرنگ نییە

بەقەد ئەوەی کە چۆنیەتی گێڕانەوەی هونەری ئەو حەکایەتە گرنگ و پربایەخە))(ئەلۆەنی ،٢٠٠٢،ل٢٠) بەمەش مانای ئەوەیە کە لەناو ئەدەبی داستاندا ڕووداو گرنگ نییە بەڵکوو ئەوەی کە گرنگە چۆنیەتی چنین و گێڕانەوەیە هەر ئەوەش ئاست و ڕادەی پەرۆشی و چاوەڕوانی و چێژ کە برپرەی پشتی ئەدەبا لای خوێنەر پێکدێنێ.

چیمس جۆیس"" دەڵێ ((پێنج ملیۆن ڕێگە هەیە بۆ گێڕانەوە یەک ڕووداو بە پێی ئەو ئامانجەی کە بۆی دەچین ))(سەعید،٢٠٠٦،ل٨)بەڵام ئالان ڕۆب گیری پێی وایە لە ناو ئەو ملیۆنان ڕێگەی گێڕانەوەدا(( چیرۆکنووسی ڕاستەقەینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە ))(هەمان سەرچاوە )لێرەوە دەگەینە ئەوەی کەپێکهاتەکانی گێڕانەوە باس بکەین و بە کورتی ئاماژە بە پێناسەی هەر کام لەو توخمە گێڕانەوە بکەین " سەرەتا ئەم هێڵکارییەی خوارەوە دەخەینەڕوو کە تا ڕادەیەک پرۆسەی گێڕانەوە و پێکهاتەکانی ڕوون دەکاتەوە:

١- گێڕەرەوە  ٢- گێڕدراوە ( ڕۆمان )  ٣- بۆ گێڕەرەوە (هەمان سەرچاوە )

بە پێی ئەو هێڵکاریەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەر حەکایەت و بەسەرهات و چیرۆکێک پێویستی بە کەسێک یان کەسانێک هەیە بیگێڕێتەوە "لە بنەڕەتیشدا کەسێک یان کەسانێکیشی پێویستە کە حەکایەتەکە گوێ لێبگرن "دەربارەی ئەم مەسەلە میشال بۆتۆر دەڵێت ئەو نووسەرەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە لە دیالۆگدا ڕاناوی منی بۆ بە کار دەهێنرێت "ئەو خوێنەرەی کە چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە (تۆ) بۆ بەکار دەهێنرێت ئەو پاڵەوانە خەیاڵییەش کە چیرۆکەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەویش ڕاناوی (ئەوی )و بە کار دێت.(ئەلۆەنی ،٢٠٠٦،ل٧٤)

**- گێڕەرەوە**

"" ئەو کەسەیە ڕووداوی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە بۆ خوێنەر (بۆ گێرەوە) لە توێی گێڕانەوەکەیدا کەسایەتی و جێکات و هەموو شتێکی پێ دەناسێنێ دەشێ نووسەر بێت دەشێ کەسایەتیێکی ناو ڕۆمان بێت ""(سەراج ،٢٠٠٦ ،ل٧٧)

بە گوێرەی ئەو پێناسەیە بگێرە کە ڕۆڵی کامێرامانی سینەما دەگێڕێت و دەستی خوێنەر دەگرێ و دەبێتە چاو و گوێچکە لە هەمان کات گوێزەرەوەی بیروڕای نووسەر"" گێرەوە وەک یەکێک لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی پرۆسە گێڕانەوە سەرەتا لە کەحەکایەت و داستانی سەر زارییەوە هاتووەتە ناو چیرۆک و ڕۆمانەوە""(عوسمان،٢٠٠٦ ل )

**- گێڕردراوە**

بریتییە لەو بەرهەمەدا داستانییە جا چی ڕۆمان بێ یاخود هەر ژانەرێکی دیکەی داستانی کە گێرەرەوە بەرهەمی دێنێت لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا بە گوتەی عەبدوڵلا سەراجی ڕۆماننووسیش بۆنیادێکی زمانەوانییە پێک هاتووە لە چەند گوتەیەك کە یەکەم: پەیرەوی یاسایی ناوخۆی خۆی دەکات

دووەم: جودایە لە داهێنەرەکەیەو دەوروبەر بەو مانایەی کە ژیانێکی نموونەیی سەربەخۆی هەیە لاوازی هونەری دەق دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتن و دەستێوەردانی نووسەر""(سەراج،٢٠٠٧،ل٧٤)

**- بۆ گێڕەرەوە**

وەک چۆن بەرامبەر بە نووسەر خوێنەر دەوەستێتەوە هەر ئاواش بەرامبەر بە گێرەدەوە بۆ گێرەوە دەوەستێتەوە کە سێیەمین لە ڕەگەزی گێڕانەوە پێک دێنێ لەم بارەیەوە (برنس)لە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

لێکۆڕدنەوەکەیدا بەناوی(( سەرەتایەک بۆ لێکۆڵینەوە وە لە بۆ گێڕەرەوە)) دەڵێت ((گێڕانەوە ئەگەر زارەکی بێت یان نووسراو ڕووداوی ڕاستی بگێڕێتەوە یا ئەفسانەی چیرۆکێک بگێڕێتەوە یان زنجیرەیەکی سادە و ساکاری چەند کردارێک لە کاتێکی دیاریکراودا تەنها پێویستی بە لایەنی کەمەوە بە گێڕەوەیەکیش هەیە))(عەبدولا ،٢٠١٠، ل١١) یەکەم کەسیش کە ڕۆڵ و شوێن و بایەخی ئەم ڕەگەزەی گێڕانەوەی دەستنیشان کردووە( جیراڵد برنس )ە.

## بەشی سێیەم

### گێڕانەوەی ڕووداو

ڕووداو یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی ڕۆمان سەرجەم ئەدەبی داستانی جگە لەوەش بەرامبەرە بە هەردوو ڕەگەزی کات و شوێن چونکە هیچ ڕووداوێک لە دەرەوەی کات و شوێن بوونێکی نابێت بەم پێیە ئەگەر ڕوودایەک نە شوێن و نەکاتی دیار نەبێ ئیدی توانای چێژبەخشینی نابێت و تەنانەت دەتوانین بڵێن چ گرنگییەکی بە لای خوێنەرەوە نییە. شێوەیە دەبینین کە زمان حەقیقەتێکی ڕەهایە و سیفەتی هەست پێکراوی خۆی بە ڕێگای تێپەڕبوونی ئەو ڕووداوانە و وە دەست دێنێ هەر بۆیەش کە هیچ کام لە زەمان و مەکانیش تایبەت مەندی خۆیان نابێ تا ئەوکاتەی تێکەڵ بە یەکتر دەبن ""))(ڕسوڵ،٢٠٠٩،ل٢٧ )

هەروەها ڕووداو پەیوەندی بە کارەکتەریشەوە هەیە ((چونکە هیچ ڕووداوێک لە خۆیەوە ڕوونادات بەڵکوو بۆ ئەوەی ڕوو بدات و پەرە بسێنێت پێویستە کارەکتەرێک لە پشتیوە بێت و دروستی بکات لەبەر ئەمە هیچ کردارێک بە ڕووداوێکی هونەری دانانێت ئەگەر لەگەڵ کارەکتەرەکەیدا کارلێک نەکەن هەر لێرەشەوە پەیوەندی نێوان ڕووداو و بە کارەکتەرەوە دروستبووە.))(سەعید،٢٠٠٦،ل١٤)

دواتر هەم کات و هەمی شوێن وێڕای ڕووداو کارەکتەر ((ئەو زەمینەیە مان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕاستییەکانی هونەری گێڕانەوەیان لەسەر وەستاوە ))(ابرهیم،١٩٨٨،ل٢٧ )

مەبەستیش لە ڕووداوی ناو ڕۆمان ئەو ڕیزە بوونەیە کە ڕووداوەکانی تێدا دەردەکەوێت واتا وێنەی بە دوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی کاتدا لە گۆڕەپانی ڕەخنەڕۆمان و تیوری ڕۆماندا شارەزایان چوار جۆر بونیاتی ڕووداویان دەستنیشان کردووە ئەم کارەش بتر لە لایەن فۆرمالیستەکانی ڕووسەوە ئەنجام دراوە لەوانەش (پرۆپ) و(شکلۆفسکی )بونیاتەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

- بونیاتی زنجیرەیی
- بونیاتی تێکچرژاو
- بونیاتی هاوتەریب
- بونیاتی باونەی (ابراهیم ، ١٩٨٨،ل٢٧)

### بونیاتی زنجیرەیی

به کۆنترین بونیاتی ڕووداو لە چیرۆک و ڕۆماندا دەژمێرد. ئەم بونیاتە کە بە تەقلیدیش دادەنرێت، لە دێر زەمانەوە زۆرینەی نزیک بە هەموو ئەدەبی داستانی پێش مۆدێرنی پێ نووسراوەتەوە، هەڵبەت ئەمەش بە هۆی ئاسانی و ساکارییەوە ،چونکە لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکا و، ڕاستە هێڵێک دەگرێتە بەر تا دەگاتە کۆتایی ،بە بێ هیچ لادان و پاشەوە گەڕانەوەیەک ،لەم بونیاتەدا ڕووداو بە گوێرەی زنجیرەکانی مێژووی ڕێک دەخرێ ، ((هەندێ ڕەخنەگر وای بۆ دەڕۆن کە بونیاتی زنجیرەیی بونیاتێکی بەستراوە بە هونەری داستانەوە ،و ناشبێ کە پشت

گوێ بخرێت، و ئەگەر ئەم بونیاتە نەبێ داستان پرش و بڵاو دەبێ و دەگۆڕێ بە تابلۆیەکی( وەسف )کە تەنیا شوێن ڕەگەزەکانی پێکەوە گرێداوە))(هەمان سەرچاوە) ((لێ هەندێ ڕەخنەگری دیکەش پێیان وایە کە زنجیرە ،سیمای جەوهەر بنەڕەتی ئەدەبە ئەم بونیاتە لە داستانی کلاسیکی نەتەوەیی کوردیشدا بە هەبوو نەبوو( دەست پێدەکات)(سەعید ،٢٠٠٦) ،( بە چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز نەبینین مەرگی ئازیز)(ڕەسوڵ،٢٠٠٩: ٦٨) کۆتایی دێت. لە هەمان کاتدا ئەم بونیاتە ((زنجیە هەر هەمانە کانی مرۆڤ دەگێڕێتەوە لە ژیاندا کە ڕەوتی بە دوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان دەگرێتە بەر ، هەروەها لە قۆناغی دواتریش شێوازی تۆمارکردنی مێژوونووسانەی ڕووداوەکانی شوێنی لەسەر دانا))(ابراهیم، ١٩٨٨،ل٢٨)، لە ڕۆمانی (ئەلوەن)دا بونیاتی زنجیرەیی زیاتر لە بونیاتەکانی دیکە پشکی گێڕانەوەی بەر کەوتووە ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆشە نیگایە کە تێیدا بەکارهاتووە ،بۆ نموونەی ئێمە لە کۆی ئەو سی و پێنج بەشەی ڕۆمانەکە دەبینین کە بونیاتی زنجیرەیی لە بەشی دووەمەوە دەست پێدەکات تاوەکو بەشی چوارده دیسانەکێ لە بەشی پانزەهەم دەست پێ دەکاتەوە تاکو بەشی بیست و لە بیست و تاکو کۆتایی هەر لە ڕێگەی ئەم بونیاتەوە ڕووداوەکان پێشکەش دەکرێن،

بۆ نموونە :

(ئامەڕەش یا (ئامەڕەشی دایەنم) کە بە میراتی لە باوکیەوە خۆی تلیاک کێشانی بۆ مابووەوە ... تاد. بەشی دووەم )(مەنسور،٢٠٠٤،ل٥ )

(گەلێ جار دەبینی بە کزییەوە دانیشتووە و دوعانەکەیشی نییە هەرکە بەم شێوەیە دەمبینی لە سێ عانەلە خەرجییەکەی خزم بێ ئەوەی پێ بڵێم دەچووم چقارتەکەم بۆ دەکرێ لە بنی باخەڵمدا دەمشاردەوە... تاد. بەشی سێیەم )(هەمان سەرچاوە )

ئیدی بە گوێرەی ڕێسای بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان و ڕێکی زنجیرەیی زەمەنی حیکایەت گێڕانەوەکە تا بەشی سی و پێنجەم درێژەی دەداتێ هەڵبەت ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ئەم ڕۆمانە چ وەک ناوەڕۆک چ وەک فۆرم لە خانەی ڕۆمانە تەقلیدییەکاندا دەگیرسێتەوە.

**بونیاتی بازنەیی**

دەستپێکی سەدەی بیستەم ڕۆمان گەلێک گۆڕانکاری بەخۆوە دیت، ئەوە بوو شانبەشانی بونیاتەکانی دیکەی ڕۆمان، بونیاتی بانەویش هاتە ئاراوە. لە بونیادی بازنەیی دا خاڵی کۆتایی ڕۆمان دەبێتە خاڵی دەستپێکردن ،وە گێڕەرەوە لەڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە (الاسترجاع)وە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوە کۆنەکان، بۆ باسی لێوە دەکات تا دەگاتە هەمان خاڵ کە ڕۆمانەکە لێیەوە دەستی پێ کردووە ،(( ئەم بونیاتە پتر لە ڕۆمانی پۆلیس و حەکایەتی میللیدا بەرچاو دەکەوێت ، دەبینین هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە ڕووبەڕووی تاوانێکی کوشتن یان دزیەکی گەورە یان هەر تاوانیکی تر دەبنەوە ، ئیتر لەگەڵ گێڕەرەوە یان شاکەسی ڕۆمانەکەدا بەشداری لە گەڕان بە دوای ئەنجامدەری تاوانەکەدا دەکەین، تەنانەت ئەو هۆکارانەشمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە پشتی ئەنجامدانی تاوانەکەوەیە.))(سەعید ،٢٠٠٦،ل٢٣)

لێ لە هەموو حاڵەتێکدا(( گرنگ ئەوە وەیە کە ئەوخاڵەی ڕووداوەکان لێیەوە دەست پێدەکات ، ڕێڕەوی گێڕانەوەکە لە کۆتایی بگەڕێتەوە سەر هەمان. خاڵ ))(هەمان سەرچاوە )

ڕۆمانی( ئەلوەن) لە سی و پێنج بەش پێکدێت ، وەک بونیاتی سەرەکی کەڵکی لە بونیاتی بازنەیی وەرگرتووە بۆ گێڕانەوەی حەکایەتی ڕۆمان، لە لە چوارچێوەی ئەم بونیاتەدا بونیاتەکانی تر بە بەکار هاتوون ، ئەوەتانێ گێڕەرەوە لە دەستپێکی ڕۆماندا کە خاڵی سەرەتایی ڕۆمان و، خاڵی کۆتایی ڕۆمانەکەشە دەڵێ:

(( ئەم دەزانی بۆچی دەگەڕام هەموو کتێب و دەفتەر و گۆڤارەکانم ئەم سەر و ئەوسەر پێ دەکردن وە تەپوتۆزی چەند ساڵەیانم لێ دەتەکان، لە پڕ وێنەیەک لە خۆی هاویشتە ناو بیلبیلەی چاوەکانم و بۆ چەند ساتێ تاسێی بردمەوە، لە بێ ئاگاییەکی دەروێشانەدا ڕای گرتم))(مەنسور ،٢٠٠٤،ل٥)

پاشان لە ڕێگای ئەم بونیاتەوە درێژە دەدا و دەڵێت :

((بە مەزەنە تەمەنی ئەم وێنەیە (٢٢- ٢٤ )ساڵ دەبێ و بە وردی سەیری منداڵ منداڵی خۆمم دەکرد ، لەباتی ئەوەی بە قەد بەرگە کاریکاتۆریی پێبکەنم، لە پڕ هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا و وێنەکەم نایە قەد سینگمەوە ، کتێبەکانم بە پەرش و بڵاو جێهێشت و وردە وردە چوومە ناو دونیای منداڵیمەوە ئەو دونیایەی کە ئێستاش لە ڕەفتاری ڕۆژانەمدا بە هەمان شێوەی ئەو سەردەمە شتەکان دەبینم....))(هەمان سەرچاوە ،ل٥ )

ئیدی لێرە بە دواوە لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە وە ،گێڕەرەوە سەرجەم ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، تا دیسان دەگاتەوە بەوخاڵەی کە لێیەوە دەستی پێ کردووە .

((هەر کە وێنەکەم دراند و فڕەم دایەوە دەرەوە ئەو شەوە هەرچییەکم کرد نەمتوانی بخەوم هەڵسامەوە و دانیشتم و گڵۆپی ژوورەکەم هەڵکرد و دەستم دایە قەڵەمەکەم و هەر چەندم کرد جگە لە لەم چەند دێرەم زیاتر پێ نەنووسرا))(هەمان سەرچاوە ،ل٢٠٠ )

هەڵبەت دوای ئەم پەرەگرافە ئیدی گێڕێرەوە بەشیعرێکی لاوانەوە کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێنێت.

**بونیاتی تێکچڕژاو**

((ئەم بونیاتە کە بایەخ بە زنجیرەی کات لە ڕووداودا نادات، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەرانبەر بە کاتی ڕووداوی زنجیرەیی ، یاخود تەقلیدی وەستایەوەو لەسەر دەستی ڕۆماننووسێکی وەک جێمس جۆیس (١٨٨٨- ١٩١٤ )مارسێل برۆست (١٨٧١- ١٩٢٢) ڤێرجینیاوڵف(١٨٨٢ - ١٩٤١ ) کە بە داهێنەری (شەپۆلی پۆلی هۆش) لەناو ژانەری ڕۆمان ناوزەند دەکرێن گەشەی کردوو پەرەی سەند ))(ابراهیم ،١٩٨٨،ل٣٨ )

بونیاتی تێکچڕژاو بایەخ بە زنجیرەی تات نادا ،بەڵکوو گرنگی بە زنجیرەی گێڕانەوە دەکات(( کە تێیدا ڕووداوەکان دەپچڕێن و تێک دەچڕژێن بەبێ چ ڕێخستنێکی لۆژیکی ،و پێش دەکەوێ بە بێ بایەخدان بە پشتی یەکهاتنی، بەڵام بایەخ بە چۆنیەتی قەومانی ئەو ڕووداوە ئەدات ))(هەمان سەرچاوە ،ل٣٨ )

جا ئەم تێکشکانەی کاتە کە جارێ وا ڕوودەدا لە یەک شوێندا هەر سێ دەمی ڕابردوو ئێستا و ئایندە تێکەڵ پێکەڵی ڕوداو دەبن ، هیچ زیانێک بە ناوەڕۆکی ڕوداوەکان ناگەیەنێت ، بەڵکوو تەنها بە مەبەستی جوانکاری و هونەرییە(( واتە دوو ئامانجی هونەری و خۆشی و ئێستاتیکی بۆ خوێنەر دروست دەکات ، کاتێک لە ناو تووشی ڕووداوێک دەبێت کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە یان پێشبینی ڕووداوێک دەکات کە لە هاتوودا ، دووەم ئامانجیش بریتییە لەو بەها بابەتییەی کە لە چوارچێوەی پێوەرێکی لۆژیکی ئێستاتیکی ، لە دەرەوەی پێوەری مێژوویی ڕیزبوونی ڕووداوەکان، شێوەکانی بنیات پارچە پارچە دەکات ، تاکو ڕۆمانەکە شێوەی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ڕووت و وەرناگرێت لە بارەی ڕابردوویەکی لە ناوچووەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی ڕێبازێکی مێژوویی دەبێت کە بوار بە خوێنەر دەدات ئێستای کراوە شی بکاتەوە))(سەعید ،٢٠٠٦،ل١٨)

بونیادی ڕووداوی تێکچڕژاو زۆر بە کەمی لە (ئەڵوەن)دا بەکارهاتووە، هەڵبەت وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆرکە تەقلیدییە کە باڵی بە سەر ڕۆمانەکەدا

كێشاوە، لە بەشی چوارەمەوە لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان ئامە وکچەکەی هەروا لە هەردوو بەشی بیست و بیست و یەکەمدا ئەم بونیاتە دەردەکەوێ، ئیتر جگە لەوەش بە شێوەی لاوەکی لێرە و لەوێ دەردەکەوێت،(( کە ئەمەش زیاتر لەڕێگەی هەردوو تەکنیکی گێڕانەوە پێشکەوتن ـ پێشبینیەوە ئەنجام دەدرێت))(هەمان سەرچاوە ،ل١٩ )

(( مچە ها ئەیە دوو عانە بچۆ جغارە ئارام بار، چ جارێ عینادی کەیت و نەچیت .. فرە تەحەموولت کردمەس .... بەشی بیست و یەکەم))(مەنسور ،٢٠٠٤،ل١٤٣)

(( دەشێ ڕۆژێ هەموو ئەو هاوارانەی ئافرەتانەی میمی و مەلیحە ئاساکان لە یەک کات و شوێندا بێتە دەنگی مرۆڤایەتی و خواستی ئافرەت لە ڕووی زوڵم و بوەستێ ... بەشی نۆزدە))(هەمان سەرچاوە ،ل١٣٦)

کورم وەسیەتەکەم لەبیر نەکەن لە کەس مەترسە، دڵت هەر شتێکی ویست بیکە ، بیکە مەترسە ،مەگری، مافی خۆت بە دەستی خۆت وەرگرە هەر کەس تەعدای لێکردی قبووڵی مەکە.. تاد بەشی بیست))(هەمان سەرچاوە ،ل١٤٠)

لەم نمونانەی سەرەوە دەبینین کە چۆن زنجیرەی کات تێکشکاوەو هەر سێ ئاستەکەی زەمەن تێکەڵ و پێکەڵ بووە ،ئەمەش بەهۆی تەکنیکەکانی پێشبینی و گەڕاندنەوەوە.

**بونیاتی هاوتەریب**

ئەم بونیاتەش یەکێکە لەو تازەگەریانەی کە ڕۆمانی تازە یان ڕۆمانی نوێ لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە خۆیەوە بینی، بونیاتی هاوتەریب بریتییە لە ((باسکردنی چەند ڕووداوێکی جودا بەڵام تەنیا لە یەک کاتدا ڕوویان دابێت ))یاخود ((خستنە ڕووی دوو حەکایەت کە ڕووداوەکانیان لە یەک کاتدا ڕوو دەدەن واتا گێڕانەوەی چیرۆکیان زیاتر کە ڕووداوەکانیان لە دوو ماوەی هاوتەریبدا ڕوو دەدات و بە یەکێک لە بونیادە باڵا و جوانەکان دادەنرێت ،کە بەکارهێنانی لێهاتووییێکی هونەری بەرز دەوێت، ئەم بونیاتە هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ حەکایەتی سەرزاری پچڕاندووە، کە بە هیچ شێوەیەک بونیاتی هاوتەریبی تێدا بەکار نەهاتووە)) ئەمەش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

- چەندین چیرۆک وکەسایەتی لە چەندین شوێنی جیاواز ،بەڵام لە یەک کاتدا .
- چەندین ڕووداو چیرۆک لە چەندین کاتی جیاواز بەڵام لە یەک شوێندا و دامەزرێنەران و یەکەم بەکاربەرانی ئەم جۆرەی بنیات ، هەردوو ڕۆمانووس( جۆن دۆس باسۆس) ئەمریکی و( جان پۆل سارتەری) فەیلەسووفی فەرەنسییە کە لە ڕۆمانەکانیان بە کاریان هێناوە.

هەندێکیش پێیان وایە کە ئەم تەکنیکە لە هونەری (سینەما)وە هاتوەتە ناو ڕۆمان چونکە لە سینەمادا هیچ وێنەیەک تا سەر توانای خۆراگری نییە و دەبێ بگۆڕدرێ بە وێنە دیمەنی دیکە لە هەمان کات ، یاخود شوێندا .

ئەوەندەی پەیوەندی بەم بونیاتەوە هەیە ،زۆر بە دەگمەن لەناو گێڕانەوەدا بە کار هێنراوە، ئێمە لە سەرەوەدا باسی هەردوو جۆرەکەی هاوتەرییمان کرد بەڵام جۆرێکی دیکەی هاوتەریی هەیە، کە پەیوەندی بە گێڕانەوە زیاتر تا ڕووداو، ئەویش پێی دەڵێن (نۆبەتی گێڕانەوە) ئەمەیان لە هەردوو بەشی بیست و پێنج و بیست و شەشدا بە کارهاتووە، کە ڕووداوەکە هەر یەکێکە ، بەڵام هەر جارە و لە لایەن کاراکتەرێکەوە دەگێڕێتەوە ،هەڵبەتە ئەمە پەیوەندی بە تەکنیکی دووبارە کردنەوەشەوە هەیە ، وە لێ لێرەدا مەبەست و باسمان لە هاوتەرییە.

بۆ نموونە فاتە بەم شێوەیە بەسەرهاتی شەوەکەی خۆی و حەسەن ئاغا باس دەکا:

((ئامه بوومه قوربانت.... خۆله من خاستر زانید ئاغا فره زۆرداره،  منیش وەی شەوە شوومە خەریک بی لە ناو کادانەکە بخنکێم، هیچ لەدەستم نەهات ئاخر چە بکردیام؟ وە زووان فایدەی نەوی ... لەقەیگ دامە ئەی لای و ئەولاوە  باکانم،  کاکە کەفتە بان کەلوپەل و دەموچاوی... ئەی بیعارە دەروەس نەهات ، نەوەت چووین ئاغاکەیم لە بەردەم ئەیە خۆم قەشمەر کردمە.. دوێتە ئەڕا دەرەبەن هات؟....نە ... وەک گورگ ورسی... نا ،،فرە گریستم بەس کەس نەریسیە داوم،  دواخر لەقەیەک دامە ولا دەینم فانۆسەکە کەفتە زەی و گادانەکە رۆشن بیو ئاگرگردو زوی  قالە هاتە ناو )) (مەنسور ،٢٠٠٤،ل١٦٥)

بەشی بیست و پێنجەم:

 هەمان ڕووداو و کە بە ڕووداوی سەرەکی و گرنگی ناو ڕۆمان دەژمێردرێت لە لایەن قالەشەوە ئاوها دەگێڕێتەوە :

((قالە لە بری چووبوو قاپی چێشتخانەکە ببەستێت ، ویستم جگەرەیەک داگیرسێنم گوێم لە هاواری بوو، لەناو کانەکەدا بەرز بووەوە و منیش بە پەلە چوومە ناو کادانەکە... ئامە...  چاو نەدوینەد... بینم ئاغا خەریک بەنەخوێنەکەی دەبەستێت و فاتەش دەگری....  تاد بەشی بیست و شەش ))(هەمان سەرچاوە ،ل١٦٦)

لەوانەیە دەگمەن نموونەیەک بێت ،کە ئەویش زۆربەی کات لە لایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە بەهاوتەریب دانانرێت ،چونکە بونیاتی هاوتەریب باس لە هاوتەریبی شوێن یان کاتی ڕووداو دەکات،  نەک نۆبەتی (التناوب) لە گێڕانەوەدا.

## بەشی چوارەم

### کاتی گێڕانەوە:

پێش ئەوەی بچینە سەر دەستنشانکردنی ئەو کاتانەی کە لە گێڕانەوەی ڕۆمانی ئەڵوەن ـ دا بەکار هاتوون ، گەرەکە کات لە ڕووی جۆرەکانیەوە باس بکەین،  واتە کاتی حەکایەت و کاتی گێڕانەوە(( ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا هەمیشە دوو کاتمان هەیە (کاتی حەکایەت) و (کاتی گێڕانەوە) کاتی حەکایەتی( ڕۆمان) ئەو کاتەیە کە تێیدا ڕووداوەکانی ڕۆمان بە شێوەیەکی یەک بە دوایەک داهاتوون ڕوو دەدەن،  هەرچی کاتی گێڕانەوەی، بریتییە لەو کاتەی کە تێیدا گێڕەرەوە ڕووداوەکان ڕێکدەخات و دەیانگێڕێتەوە،  شایەنی باسە کە کاتی ڕۆمان هەمیشە پێش گێڕانەوە دەکەوێت ، واتە ئەگەر کاتی ڕۆمان (حەکایەت) نەبێت، کاتی گێڕانەوەش نابێت))(سەعید ،٢٠٠٦،ل٤٥)

 بە گوێرەی ئەم پێناسەیە ،جیاوازی زۆر لە نێوان ئەم دوو جۆرەی کاتدا هەیە، (( گرنگترین جیاوازی نێوان ئەم دوو کاتە لەوەدایە دەردەکەوێت ، کە یەکەمیان مۆرکی گێڕانەوەیەکی مێژووی هەیە،  لە شێوەی چەند زنجیرەیەکی بە دوایەکدا هاتوە ،  لە هێڵێکی ڕاستیدا لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و ئایندە دەچێت و ناگەڕێتە دواوە ،کەچی خەسڵەتی کاتی دووەمیان لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە پچڕان و لێکدابڕان و بازدان و گەڕانەوە و پێشخەری تێدا دەردەکەوێ و نووسەری ڕۆمان دەتوانێت بە گوێرەی دابەشکردنی زنجیرەکانی گێڕانەوە کە پاش و پێشیان تێدا بکات))(ئەڵوەنی ،٢٠٠٦،ل٥٥)

 بەم پێیە کاتی تێکستی ڕۆمان بکەین بە دوو بەشەوە:

ـ کاتی حەکایەت

ـ کاتی ڕۆمان

 هەروەها بەشەکانی کاتی گێڕانەوە بریتین لە:

- کاتی مێژوویی
- کاتی دەروونی
- کاتی خورافی

**کاتی مێژوویی**

کاتی مێژوویی کە زیاتر لە ڕۆمانە تەقلیدییەکاندا بەکارهاتوون ، بریتییە لەو ماوەیەی کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدات، ئیدی بە ئاماژەکردن، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ساڵ ، مانگ ،ڕۆژ تەنانەت سەعاتی ڕوودانی ڕووداوەکان ئێمە لە ڕۆمانی ئەلوەن ـ دا چەند ئاماژەودەست نیشانکردنێکمان دەست دەکەوێ، کە ماوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان و زەمەنە مێژووییەکەمان پیشان دەدا هەر لە ئەوەڵەوە گێڕەوە لەیلا پێمان دەڵێ: ((بە مەزنە تەمەنی ئەو وێنەیە(٢٣ ـ ٢٤ ) ساڵ دەبوو... تاد ـ بەشی یەکەم)) گێڕەرەوە کە منداڵێکی هەشت ساڵان بووەو لەگەڵ شاکەسی ناو حەکایەتەکەدا نزیک بووە ، هەندێ ئاماژەی دیکەی پێداوین بۆ نموونە :
((ساعات شەشی بەیانی بوو ، دەنگێک لە ڕادیۆی بەغداوە وەک مژدەیەکی گەورە شاری گەشاندەوە. بەشی بیست و نۆیەم ))یاخود دەڵێ ((نەمزانی لەبارەی چییەوە دەدوێن ، تەنها دایکم نەبێ خێرا پێی وتم عنقلابە...تاد بەشی بیست و نۆ ))
لێرەوە بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێ کە مەبەست لە کودەتایە ،کودەتایی(١٩٥٨) سووپایەکانی عێراقە کە دەسەڵاتی پاشایەتیان تێک ڕووخاند ، ماوەی چەند ساڵێک بیری سۆسیالیستیان لە عێراقدا بڵاو کردەوە... تاد .
کەوا بوو بەشێکی زۆری ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە پشتی ئەم عنقلابە بەشێکی دیکەشی دەکەوێتە پاش ئەو کودەتایە، ئەمەش کاتی مێژووی حیکایەتەکەیە.

**کاتی دەروونی**

ئەم کاتەی ڕۆمان تایبەتە بەو ڕۆمانەی کە ڕەهەندێکی دەروونییان هەیە ، بە ڕۆمانەکانی شەپۆلی هۆش دێنە حساب، ئیدی لەم جۆرەی کاتی ڕۆماندا کاتە مێژووییەکە تێک دەشکێت و گێڕانەوەکە ڕەهەندێکی نالۆژیکی و نارێک وپێک دەگرێتە خۆی، چونکە سەرچاوەی ڕووداوەکان ئیدی دونیای ناوەوەی عەقڵ و دەروونی کارەکتەرەکانە، چی دی پێوانەکانی کاتی مێژووی ڕۆڵێکی نامێنێ(( پێوانەکردنی ئەم جۆرە کاتە کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەپێی باری دەروونی کارەکتەرەکە کورت یان درێژ دەبێتەوە ، کاتی دەروونی یارمەتی خوێنەر دەدات ، کە بەناو عەقڵی کارەکتەرەکاندا ڕۆبچێتە خوارەوە ، هەروەها یارمەتی خودی نووسەریش دەدات کە سۆز و هەڵچوون و هەڵوێستی کارەکتەرەکان وەکو چۆن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕوو دەدات هەر بەم شێوەیە پیشان بدات، وەکوو کۆمەڵێ ڕووداوی جاجیاو و پەرش و بڵاو))(سەعید،٢٠٠٦،ل٥٠)
وە لێ ئەم کاتە چوونێکی پتر پەیوەندی بە شەپۆلی هۆش و گۆشەنیگای (لەگەڵ بینین، یان بینین لەگەڵ) هەیە، هەروەها پێویستی بە گێڕانەوە خودی هەیە ، بۆیە زۆر کەم توانوویەتی وێنای کاتی ناوەوەمان بۆ بکات، تەنیا لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێت :
((تا ئامە لەگەڵ فەیمەدا لەم قسە و باسە دەبووەوە ..... مچە تورشیچی کاتی لادەبووە شتێکی سەیر.... کات کارێکی ئەوتۆ دەکرد سەری هەر ساتێکی بە ساڵێک بە سەر تێدەپەڕی دڵی تەپە

تەپی دەکرد، ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا هێز لە ئەژنۆیدا نەدەما....تاد بەشی حەڤدەیەم))(مەنسور ،٢٠٠٤،ل١١٥)

لەم نمونەیەدا مچە تورشیچی کاتی لا دەبووە شتێکی سەیر ، لە دەروونیدا ڕەنگ دەداتەوە و بارودۆخی دەروونی دەگۆڕێ.... هەروەها چونکی تەکنیکە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە کاتە بریتین لەبیر هاتنەوە تەداعی والحر و مەنەلۆک و خەون و خەیاڵ))(سەعید ،٢٠٠٦،ل٥٠)

لە چەند شوێنێکی ئەم ڕۆمانەدا بە هۆی ئەم جۆرە تەکنیکانەوە کاتی دەروونی دێتە کایەوە:

(( چ شەوێکی سەیر لەبیرنەچوو بوو، هەر ئەمسەر و ئەوسەرم دەکرد ، بەرەو بەیان خەونێکم بینی تا ماوم لە بیرم ناچێتەوە ،لە پڕ دەنگی دەهۆڵ و زورناکە وەستا مێشە پیسەکانی زبڵدانەکەی بەرماڵی ئامە هەموو بوونە قەلەڕەش ئەوەنە زۆر بوون بەردەمی هەتاویان گرتبو، ئەو ناو تاریک هەڵگەڕابوو، سەعە دەهۆڵچی جلی پۆلیسی لەبەرکردبوو، بە دەمانچە قەلە ڕەشەکانی دەکوشت ، سەعە لە ترسا گوللەیەکی نا بە سەری خۆیەوە... بوو بە هەرا و قیچڕ، لەو دەنگە دەنگ و هەر ئەو قیژەیە ڕاپەڕیم ... تاد بەشی نۆیەم ))(مەنسور،٢٠٠٤،ل٣٩)

ڕۆمانووس هەر چەندە گۆشەنیگایەکی تەقلیدی بە کار هێناوە، بەڵام کەم و زۆر لە ڕێگای ئەم تەکنیکانەشەوە کاتی دەروونی بە کارهێناوە.

**کاتی خورافی**

((زیاتر لەو ڕۆمانانەدا بە کار دەهێنرێت کە ڕەهەندی خورافییان تێدایە)) (سەعید، ٢٠٠٦،ل٥)واتا کاتی خورافی لە ڕۆماندا ئەو کاتەیە کە کات لە قەوارەیەکی یان بۆنەیەکی خورافییدا پێشکەش دەکا، لەوانەیە لە کۆی ئەو سی و پێنج بەشەی ڕۆمانەکەدا تەنیا یەک جار و لە بەشی هەژدەیەمدا ئەم کاتە بەکارهێنرابێت ، لێ لەوێش بە ڕێگەی تەکنیکی خەوندا ئەو بۆنە و پەیوەندییە خورافییە نیشان دراوە بۆیە ئەم نموونەیەش گومان هەڵگرە:

(( وشەکانی دەبوونە بەنج و خەوی لێ دەخستم و هەزاران خەونی خۆشی ڕەنگاوڕەنگم دەبینی ،لەو خەونامەدا ڕووباری ئەڵوەند دەبوو بە زێڕ و پولەکەی ماسییەکان دەبوونە زیو مەلە ئاوییەکان بە زمانی گۆرانییان بۆ ماسی و ڕووبار دەوت زۆر بە باشی لێ حاڵی دەبووم .... تاد بەشی هەژدەیەم))(مەنسور ،٢٠٠٤،ل١٢٥)

## بەشی پێنجەم

**تەکنیکەکانی کاتی گێڕانەوە**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە کاتی حەکایەت جیاوازە و دەکەوێتە پێش کاتی گێڕانەوە ، چونکە لە گێڕانەوەدا بە گوێرەی پێویستی ئێستاتیکا و شێوازی ڕۆمانووس و دروست کردنی پەرۆشی خوێنەر، ئەم زنجیرە ڕێک و ڕاستە هێڵەی زەمەن تێک دەشکێ و پاش و پێش دەخرێن، ئەوەش بە ڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە دەکرێ:

- گەڕاندنەوە(الاسترجاع)
- پێشبینی

**تەکنیکی گەڕاندنەوە:**

له هونەری سینەمادا وەرگیراوە(( پرۆسەیەکی گێڕانەوە تێدا گێڕەرەوە ڕێڕەوی گێڕانەوەکەی دەوەستێت و ڕووداوێ دەگێڕێتەوە ، بۆ ئێستای گێڕانەوەکە پێشتر ڕوویداوە)) (ڕەسوڵ،٢٠٠٩،ل٥٤)ئەمیش چەند جۆرێکە:

**گێڕاندنەوەی دەرەکی**

ئەمەیان دەکەوێتە پاش ئەوخاڵەوە کە ڕۆمان لە گێڕانەوەیدا دەستی لێەوە پێکردووە، واتە ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە دەکەونە پێش خاڵی دەستپێکردن، لە چەندین شوێنی ئەڵوەندا ئەمە بەکار هاتووە:

(( لە شەقامەکەدا کە سەنگی خۆی دەخستە سەر گۆچانەکەی و سەیری بۆشایی دەکرد، ڕووداوەکانی پانزدە ساڵ لەمەوبەر بە بەر چاویان تێدەپەڕین... تاد ـ ت بەشی سی و دوو))(مەنسور،٢٠٠٤،ل١٨٩)

ئەم ڕووداوە دەکەوێتە پێش خاڵی دەستپێکردنی گێڕانەوە بە پانزە ساڵ، واتە زەمەنێک کە نەکەوتووەتە ناو زەمەنی گێڕانەوە .

((من و ئاغا هەردووکمان ڕاچەڵەکین و سەرنجەکانی هەردووکمان لە ڕووخسارە بێ گوناهەیەکدا کۆبووە... تاد. بەشی بیست و حەوت)) (مەنسور،٢٠٠٤،ل١٧٤)لە چەندین جێی دیکە ئەم تەکنیکە بەکارهاتووە.

**گێڕاندنەوەی ناوەکی**

گێڕاندنەوەی ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە دەکەونە پێش دەستپێکردنی گێڕانەوەی ڕۆمان ، ئەو ڕووداوانەی کە پاش خاڵی دەستپێکردن بە هەر هۆیەکەوە بێت لە بیرکراون، یاخود هەڵگیراون بۆ ئەوەی لە ڕێی گێڕاندنەوە لە شوێن و کاتی دیاریکراودا گونجاوی گێڕانەوەدا بخرێتە بەر چاو، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بۆ پڕکردنەو هۆی ئەو کەلێنانەیە کە بە هۆی بازدان بە سەریاندا هاتووەتە ئاراوە.(ئەڵوەنی ،٢٠٠٨،ل٢٢)

(( نە لە بان خەفتبین.. هاتمە خوار ئاو ئارایان بارم .. چیمە حوجرە لە تەلاجە تەختەکە کەمی وەفر مابی.... بەشی بیست و نۆیەم))(منسور،٢٠٠٤،ل١٣٤) لێرەوە گێڕەرەوە لە زاری زەینەبی ژنی حەسەن ئاغاوە بیرەوەریەکی چەند ڕۆژ لەوەو پێشی ناو گێڕانەوەکەمان دەخاتە بەرچاو ، کە بە هەر هۆیەکەوە بۆ فەرامۆش کراوە.

(( جارێک هاتە ماڵمان باوەژن و باوکم چینە میوانی... تاد بەشی بیست و نۆیەم ))(هەمان سەرچاوە ،ل ١٨١)

((دایکە مانگێ لەمەوبەر، کەس لە حەوشەکەدا نەبوو.. بەشی شازدەیەم))(هەمان سەرچاوە،ل١٠٣)

لە چەندین جێگای دیکەدا ئەم تەکنیکە بەکارهاتووە.

**پێشبینی(الاستقبال)**

ئەم تەکنیکەش کە هەندێ جار بە (پێشکەوتن و پێشخستن) یش ناو دەبرێت هەمان ڕۆڵی گێڕاندنەوەی هەیە لە تێکشکاندنی زەمەندا، بەڵام بە جیاوازییەوە کە ((مەبەست لە پێشبینی خوێندنەوەی ئاییندەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێشبینی زەمەنی ئێستا بکەین و بزانین ئایندەی شتەکان چۆن دەبێت ))(ئەڵوەنی ،٢٠٠٨،ل٢٣)لە گەلێک شوێندا ئەم تەکنیکە بەکارهاتووە ،بەڵام نەک بەڕادەی تەکنیکی گێڕاندنەوە.

(( حەسەن ئاغا هەستی کرد کە نوری ئەم نهێنییە دەزانێ بۆ ئەوەی ئاشکرایی نەکات بە بەرتیلی دەدایە بەرتیلی دەدایە لە هەموو دەعوەتێکدا نووری یەکەم پیاو بوو، جنتای پارەکەی حەسەن

ئاغا به دەست نوورییەوە بوو... کەچی دەترسا ڕۆژی نووری ئەم نهێنییە ئاشکرا بکات ....بەشی سی ))(مەنسور،٢٠٠٤،ل١٨٦)
(( ئیجازە منیش حەق خۆم لە دایکم سینم ...نە.. گوناهە گەورام کردییە.. شیر دایەسە پێم..تاد بەشی بیست و دوو))(هەمان سەرچاوە ،ل١٤٦ )
سەرەڕای ئەو نموونانەش گێڕەرەوە بە جۆرێکی زۆر سەیر لای خۆیەوە دەست وەردەداتە مەسەلەکان، بۆ نموونە لەم نمونەیەدا ئەمەم گێڕایەوە کە پێشبینی دەکات :
((دەشێ ڕۆژێ هەموو ئەو هاوارانەی ئافرەتانەی میمی و مەلیحە ئاسەکان، لە یەک کات و شوێندا ببنە دەنگی مرۆڤایەتی ...بەشی نۆزدەیەم))(مەنسور ،٢٠٠٤ ،ل١٣٤)

**کات لە ڕووی خێرایی و سستیەوە**

((کات لە ڕووی پەیوەندی بە بزاوتی گێڕانەوە هەیە ، بزاوتی گێڕانەوەش لەو پەیوەندییەوە دەست نیشان دەکرێت ،کە لە نێوان کاتی حەکایەت بە خولەک و چرکە و سەعات و مانگ و ساڵ دەپێورێت، لەگەڵ درێژەیی حەکایەت، کە بە ڕستە و دێڕ و پەرەگراف و لاپەڕە دەپێورێت ))(ڕەسوڵ،٢٠٠٩،ل٦٤)
بۆ دەستنیشانکردنی بزاوتی گێڕانەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا چوار تەکنیکمان هەیە، لەو جوارەش دووانیان بۆ خێرایی بەخشینە بە بزاوتی گێڕانەوە، مەبەستی گەیشتن بە ڕووداوی سەرەکی لووتکە ، دووانیشیان بۆ هێورکردنەوەی بزاوتی گێڕانەوە و هێمن کردنەوەی دەروونی خوێنەر، یان بۆ گێڕەوە دواخستنی کاتی ڕووداوی سەرەکی ئەم تەکنیکانەش ئەمانەی خوارەوەن:
- کورتکردنەوە
- لابردن
- دیمەن
- وەسف

لە ڕۆمانی ئەڵوەندا ئەم چوار تەکنیکە، کەم زۆر بەکارهاتوون و کاریگەرییان لەسەر بزاوتی گێڕانەوەی ڕۆمان بە زەقی دیارە، هەڵبەت پێویستە ئەوە ڕوون بێ کە کورتکردنەوە و لابردن بۆ خێرایی و بەخشین و تیژکردنەوەی بزاوتی گێڕانەوە بەکاردێن، لە بەرانبەریشدا دیمەن وەسف خاوکردنەوەو دواخستن.

**کورت کردنەوە**

((باسکردنی هەموو شتێک لە ڕۆمانێکدا، ئەم ئارەزووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژ توانی زۆربەی ڕۆمانووسەکانی ماندوو کردبوو، کارێکی نەکردەیە و نووسەر ناچارە کۆمەڵە ڕێگایەک بە کاربێنێ بۆ ئەوەی خۆی لەو بێ توانایی ڕزگار بکات ،وەکو کورتکردنەوە، بازدانی لە ناکاو لابردن))(ئەڵوەنی ،٢٠٠٤،ل١٢٠)
پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە تەکنیکی کورت کردنەوە یان لە لایەن گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە بەکاردێت ، ئەمەش بۆ ئەوەی بە پەلە بگات بە ڕووداوی کۆتایی، لە لایەن گێڕەرەوەی هەمووشتزانی ئەڵەوەنیشەوە ئەم تەکنیکە بەکارهاتووە :


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ /العدد ٨

((ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ هاوڕێکانی دەهێنا و فرسەتی دەدۆزییەوە هەر کە کەس لە ماڵ نەبووایە دەهاتنە ژوورەوە و بە زۆر بە هەڕەشە و گوڕەشە و ئەیانترساندم ، منیش ناچار ...ئەی هاوار دای کە بچۆ بۆ لای خوا شکات بکە... مراقبی بەلەدیەکەش ڕەحیمە ئەجەل هاوردی و... تاد بەشی شازدە ))(مەنسور ،٢٠٠٤،ل١٠٥)

ئەوەی لێرە لە زاری یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە دەگێڕدرێتەوە، لە یەک کاتدا ڕووی نەداوە بەڵکوو چەندین ڕۆژ و مانگی خایاندووە .

((ئەو هەموو ئێوارانی کە دەهاتەوە ماڵ لە هەمان شوێن کە سەعدییە خۆی تیا سوتاندبوو، دادەنیشت ...تاد بەشی حەڤدە))(هەمان سەرچاوە،ل١٠٨)

(( کە هەموو بەیانییەک هەر جارەو زەلامێک پێی دەوت دەوت خاڵۆ ... بەیانیان خایە فرۆشیت ئێوارانیش تورشی... شەویش پارەکەی دەیدە عەرەق... تاد بەشی حەڤدە))

(( ئا....شیرین زۆر حەزی لێ دەکردم ، هەردووکمان بڕیارماندا سەری خۆمان هەڵگرین ، ترس کوشتی، ئیتر سەری خۆمم هەڵگرت...ئا.. هاتمە ئێرەوە ...وتم بێ کەسم هەر شوانێ دەزانم کەس نی نییە...تاد بەشی بیست ))

وەک دەبینین ئەم بەسەرهاتی عیشق و هەڵاتنە زۆر لەوە زیاتری خایاندووە کە کورت کراوەتەوە بەڵام گێڕەرەوەی هەموو شتزان دەوێ بگات کۆتایی، لە زۆر شوێنی دیکە لە ڕێگەی وشەکانی دەیان شەو هەموو ڕۆژێ ، چەندین ساڵ ... ئەم تەکنیکە لە بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێ.

**لابردن**

بە پێچەوانەی تەکنیکی کورتکردنەوە کە لە پەرەگرافێکدا ڕووداوی چەندین ساڵ و مانگ و ڕۆژ چڕ دەکردەوە، لابردن ئەو تەکنیکەیە کە بازدەدات بە سەر کاتدا و ڕووداو و کەسایەتی و کات دەگەیەنێتە قۆناغێکی نزیکتر لە کۆتایی، یان ڕووداوی کۆتایی . لابردنیش دوو جۆرە: لابردنی دیاریکراو لە بردنی دیاری نەکراو.

**لابردنی دیاریکراو**

((پاش دوو سێ سەعاتی تر بە لە لە تردان گەڕانەوە... تاد بەشی نۆ ))(مەنسور،٢٠٠٤،ل٣٢)

دەبینین لێرە لابردن هەیە ، لابردنی ئەو سەعاتانە کە تەنیا ئاماژەکردنێک بە گەڕانەوەی ئەو چەند کەسە ئاماژەیان پێ دەکرێت. ((ئەگەرچی لەوەتەی باوکی لەم سێ ساڵەدا لەناو جێ کەوتووە ... تاد بەشی بیست ))(مەنسور،٢٠٠٤،ل١٤٣)

لێرەشدا لابردنەکە بڕیاری کراوە، کە سێ ساڵە ، ئێمە نازانین ئەو سێ ساڵە ئەو باوکە لە ڕووی دەروونی و جەستەیەوە چەند ئاز ئازاری کێشاوە .

((ئیتر تا سێ ساڵ لە وەخت و ناوەخت دا هات و چۆی ئەو کۆڵانەی دەکرد ...تاد بەشی بیست و چوار ))(هەمان سەرچاوە ،ل١٥٢)

هەم دیسان ئێمە نازانین کەلێنە ئەو سێ ساڵە چۆن بە ژیان پڕ بووەتەوە، کە لابراون .

**لابردنی دیاری نەکراو**

((من شەو ڕۆژ لەناو باخەکە دەمبردە سەر، گەڵا شەوانیش لە خانە باخەکاندا دەخەوتم...تاد بەشی بیست وشەش))(هەمان سەرچاوە ،ل١٦٦)

لێرە دیاری نەکراوە چونکە وشەی گەلێ شەو دەربڕاوە.(( بەڵام پاش چەند مانگێک لە پەل و پۆ کەوت و تووشی نەخۆشی ئیفلیجی هات و لە جێگەدا کەوت ... تاد بەشی بیست و نۆ)) (هەمان سەرچاوە ، ٢٠٠٤،ل١٧٩)

له بردنه‌كه دیاری نه‌كراوه چونكه ئه‌و ماوه‌یه به وشه‌ی چه‌ند مانگێک گوزارشت كراوه له چه‌ندین شوێنی تردا لابردن به‌رچاو ده‌كه‌وێت.

**سستی گێڕانه‌وه**

هه‌ردوو ته‌كنیكی وه‌سف و دیمه‌ن به پێچه‌وانه‌ی كورتكردنه‌وه و لابردن كه بۆ خێرایی به‌خشین و به بزاوتی گێڕانه‌وه به‌كاردێن ، ڕۆڵێكی لاوه‌كی ده‌گێڕن له پیشاندان و ئاراسته‌كردنی ڕووداودا، ئه‌مان( وه‌سف ،دیمه‌ن) هه‌م ڕووداوه‌كانیان بنه‌ڕه‌تیه، هه‌میش ((ئه‌م دوو ته‌كنیكه پێكه‌وه كار ده‌كه‌ن، بۆ هێوركردنه‌وه‌ی جوڵاندنه‌وه‌ی گێڕانه‌وه، تا ڕاده كه خوێنه‌ر وا بزانێت گه‌شه‌كردنی جووڵانه‌وه‌ی گێڕانه‌وه‌كه به ته‌واوی وه‌ستاوه، یان كاتی حه‌كایه‌ت و كاتی گێڕانه‌وه وه‌ک یه‌كیان لێهاتووه.))(ئه‌لوه‌نی،٢٠٠٦،ل٣٠٣)

**وه‌سف**

كاتێک كه ڕۆمانووس ده‌ست به گێڕانه‌وه‌ی ڕووداوه‌كان ده‌كات، سه‌ره‌تا پێویستی به‌وه هه‌یه كه وه‌سفی شوێن ڕوخسار و ڕواڵه‌تی كه‌سایه‌تییه‌كان بكات ،بۆ ئه‌وه‌ی وێنه‌یه‌كی ژینگه و باری كۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌وان بخاته به‌رچاو خوێنه‌ران، ئه‌مه‌ش ده‌ورێكی زۆر گرنگی هه‌یه له ڕاگرتن و دواخستنی گه‌شه‌كردنی خێرایی ڕووداوه‌كان ، هه‌روه‌ها بایه‌خی زۆری ده‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی زه‌مینه خۆش بكات.(سه‌عید،٢٠٠٤،ل٣٠٤) بۆ ناسینی ئه‌و كه‌سایه‌تیانه‌ی كه ئه‌م ده‌وێ باسی ژیان و به‌سه‌رهاتی ئه‌وان بكات وه‌سفیش دوو جۆره :

**وه‌سفی وه‌ستاو**

**وه‌سفی جوڵاو**

وه‌سفی جووڵاو پتر كردار و لایه‌نی فیزیكی پیشان ده‌دات ، به‌ڵام وه‌ستاو شوێن و ڕواڵه‌تی كه‌سایه‌تی وه‌سف ده‌كات ،له ڕۆمانی ئه‌ڵوه‌ندا هه‌ردوو جۆره‌كه هاتوون :

((ده‌م و چاوێكی خڕ، گۆشتن، دوو گلێنه‌ی قاوه‌یی له‌ناو سپێنه زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕاوه‌كانیان ده‌كرد...تاد به‌شی دوو )) (مه‌نسور،٢٠٠٤،ل٧)

ئه‌م وه‌سفه كه وه‌سفی كه‌سایه‌تی (ئامه) ده‌كات، هه‌م وه‌سفی كه‌سایه‌تییه هه‌میش وه‌ستاوه، چونكه وه‌سفی چاو ڕوومه‌ت ده‌كات ، لێره‌دا گێڕانه‌وه وه‌ستاوه.

((هه‌رچه‌ند ماڵێک یان چاره‌كه كیلۆمه‌ترێ به‌ولاوه ماڵی (ڕه‌شید به‌گی موختار)به هه‌موو جول شۆڕ، ده دوانزه مامۆستای تایبه‌تی بۆ كچ و كوڕی گیرابوون، جگه له میوانه هه‌میشه‌ییه‌كانی كه باش چاوه‌ش و قایمقام و پۆلیس و مودیر به‌له‌دییه.... تاد به‌شی پێنج )) (مه‌نسور ،٢٠٠٤،ل٢)

به هه‌مان جۆره نموونه‌كه‌ی پێشوو، ئه‌م وه‌سفه‌ش هه‌ر وه‌سفێكی وه‌ستاوه ، به‌ڵام ئه‌مه وه‌سفی شوێنه.

(( تاوس خان له‌وه‌ته‌ی خه‌ڵكه‌كه ناسیبوویان هه‌ر بێوه‌ژن بووه، نه كوڕی هه‌بوو نه كچ ، نه خزم ، هه‌ر مه‌مكێكی هێنده‌ی پێنج كیلۆ ده‌بوو، ده‌موچاوی مه‌گه‌ر خوا بزانێ چه‌ند لۆچی تیا بوو، هه‌موو ڕۆژێ چاوه‌كانی به كل ده‌ڕشت و سووراو سپیاوی له خۆی هه‌ڵده‌سووری و هه‌ندێ سنگی خۆی ڕووتده‌كرد... تاد به‌شی شه‌ش ))(هه‌مان سه‌رچاوه،ل٢٢)

ئه‌م وه‌سفه كه ئاماژه به كه‌سایه‌تییه‌ک ده‌كات، وه‌سفێكی جووڵاوه ،چونكه كرداری تێدایه و گێڕانه‌وه‌ی به‌رده‌وامه و ڕاناوه‌ستێ.

(( ته‌سبیحێكی سه‌د و یه‌ک ده‌نگی به ده‌ستیه‌وه بوو (الله اكبر ) ی به ده‌نگی به‌رز ده‌ژمارد، به‌لا لێوه‌وه به‌خێرهاتنی خه‌ڵكی ده‌كرد و ئیتر بێده‌نگ ده‌بوو... چی نه‌ده‌وت تا له پڕ به ده‌نگێكی

كەرخەوە و بە دەم کۆکینەوە دەیوت :دوێتم تەمین... بەو خزمەت دایک لەیلا بکە، قەوم خۆمانە ... تاد بەشی نۆ ))(هەمان سەرچاوە ،ل٦١)

ئەمەش وەسفی جوولاو بوو ، لێرە خاڵێک هەیە کە نابێ بە سەرمزاندا تێپەڕێ ، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆمانی ئەڵوەن وەک ڕۆمانێکی هەرێمی، پتر دەبوو وەسفی شوێن و گۆشە و بەشەکانی شار بکات، بەڵام نەیتوانی لەمەدا سەربکەوێ و لەمڕووە ڕۆمانەکە گۆڕاوە بە کەسیەتی.

ئیدی زۆر بە زەق ئەوە دیار دەکەوێ کە سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆمان بە دەوری کەسایەتی (ئامە)دا دەسووڕێتەوە ،ئەمەش ڕۆمانەکەی گۆڕاوە بۆ ڕۆمانێکی کەسی، ڕۆمانەکە بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی تەرخان کراوە بۆ وەسف کردنی کارەکتەرەکان، بەڵام زۆر بە کەمی ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی هەرێمەکەی وەسف کردووە .

**دیمەن**

ئەم تەکنیکەش هەروەک لە تەکنیکی وەسف ، ڕۆڵی سستکردنەوەی ڕووداوەکان دەبینێ ، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە ئەمیان گرتەیەکە لە چەند چرکە تێناپەڕێ درێژە دەکاتەوە بەڕادەیەک کاتی گێڕانەوە لە کاتی حەکایەت نزیک دەکاتەوە.

(( مام سەمین نەک هەر خۆی بەڵکوو هەموو پیاوەکانی پیاو... هەموو هەژارە دڵپاکەکان هەموو لێقەوماوانی ئەمەیان بەو شێوەیە ناسیبوو و لە ناخەوە حەزیان دەکرد خۆشیان وەک ئەو بە جورئەت و بێ دەروەست بن ... تاد بەشی بیست هەشت ))(مەنسور،٢٠٠٤،ل١٩٥)

ئەم دیمەنە کە زیاتر لە لاپەڕەیەک دەخایەنێ، باسی ئەو ساتە دەکات کە شاکەسی ناو ڕۆمان و کارەکتەرێکی دیکە ، نیگایان بەریەک دەکەوێت، گێڕەروە زۆر بە وردی چووەتە سەر ئەو ساتانە و دیمەنەکەی بە دووروردرێژی باس کردووە ، ئەم جۆرەی دیمەن پێی دەوترێ دیمەنی( وێنەیی ).

((ئامە حەسەن ئاغای کوشت ، عالەم وەهایە ئێژن، مچە بێ دەنگ بوو، مەلیحە دووبارەی کردەوە بۆ یەکەم جار مەلیحە هەستی بەوە کرد، کە مچەیش وەک خۆی کلۆڵە ، ئەگەرچی مچە یەکەم کەس بوو بەرەو ئەم کارە و دەرگایەی ناردووە، بەڵام دەبێ هەردووکیان هەست بەو گەورەیی و ڕوحە چاک و خاوێنی ئامە بکەن...تاد بەشی سی وسێ ))(مەنسور،٢٠٠٤،ل١٧٦)

ئەم دیمەنە لە جۆری (درامی) یە ، چونکە وتووێژێکی دوور و درێژی نێوان کاراکتەری ناو ڕۆمانەکەیە، دیمەنی درامی ئەوەیە، کە کاراکتەرەکان لە ڕێگەی وتووێژ و کردارەوە پیشان بدرێن.

## بەشی شەشەم

### گۆشەنیگا و شێوازەکانی گێڕانەوە

((کاتێک کە باس لە گێڕانەوە دەکەین ، بۆ ئەوەی باسەکەمان پوخت و زانستی بێت، پێویستە بابەتی( گۆشە نیگا) لە یاد و فەرامۆش نەکەین ، چونکە هەر چیرۆکێک یان حەکایەتێک لە ڕێگەی گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە پێشکەشمان دەکرێت))(سەعید،٢٠٠٦،ل١١٠) ، گێڕەرەوە و گێڕانەوە دوو توخمی بنەڕەتی پێکهێنەری ڕۆمان و چیرۆکن، چونکە ئەوەی پرۆسەی گێڕانەوەو حەکایەتخوان (گێڕەرەوە)ن کە هەم خوێنەر بە دنیای ناو ڕۆمان دەگەیەنێ، هەمیش پارچەکانی ئەم دونیا ئەندێشەی بە لێگیری دەدا ، لە توێژینەوەکەیدا بە ناوی (گۆشەنیگا لە ڕۆماندا )نۆرمان فریدمان گۆشەنیگای کورتکردوەتەوە لەو چوار تەوەرەدا:

١. کێ بۆ خوێنەر قسان دەکات ؟ ئایا ئەوە ڕۆمانووسە کە پەنای بردۆتە بەر جێناوی قسەکەر و نادیار؟

٢. لە کوێ ڕووداوەکانەوە دەوەستێ ؟ لە پشتیەوە دەوەستێ و پاڵ دەنێ بەرەو خوێنەر؟ ڕابەری دەکات ؟ یان لە ناوەندی دایە ؟(مەبەست گێڕەرەوەیە).
٣. ئەو ئامرازانە چین کە پشتی پێ دەبەستێ بۆ گەیاندنی زانیاری بە خوێنەر؟ ئایا پەنا وەبەر پەیف و بیر و هەستی ڕۆمانووس دەبا ؟ یان پەیف و بیر و هەستی پاڵەوان بە کاردەهێنێ؟ مەبەست گێڕەرەوەیە .
٤. ئەو مەودایە چەندە کە گێڕەرەوە لە نێوان خوێنەر و ڕووداوەکان دای دەنێت؟ ئایا لێکنزیک دەبن ؟یاخود خوێنەر دوور دەبێ لەو ڕووداوانە ؟ (عەبدوڵا،٢٠١٠،ل١٦٢) کۆڕایەک لەسەر ئەوە هەیە کە گۆشەنیگای گێڕانەوە دابەش دەبێت بە:

- گۆشەنیگای دەرەکی
- گۆشەنیگای ناوەکی

شایانی ئاماژەپێدانە هەر گۆشە نیگایەک بۆ خۆی شێوازی گێڕانەوەی تایبەت و ڕاناوی تایبەت بە خۆی وەردەگرێ، بۆ نموونە ڕاناوی کەسی یەیەم لەگەڵ شێوازی گێڕانەوەی خودی و جۆری گۆشەنیگای ناوەکیدا بەکاردێن، وەک جۆری ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک و( ئەو) وەک بگێڕەوە لەگەڵ شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و جۆری گۆشەنیگای دەرەکیدا بەکاردێن .

- **گۆشەنیگای دەرەکی**

((گۆشەنیگای دەرەکی پەیوەندی بە گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە هەیە، بە پێی ئەم تەکنیکە گێڕەرەوە لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە کاری گێڕانەوەکەی ئەنجام دەدات و هەوڵی کەسایەتییەکان و باری دەروونی ئەوانمان بۆ باس دەکات ، ئەم پرۆسەیە لە لایەن کەسێکەوە جێبەجێ دەکرێ کە لە ڕۆمانەکەدا هیچ جۆرە دەورێکی نەبێ ، لەم حاڵەتەدا نووسەر دەبێتە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە و لە گۆشەنیگای کەسی سێیەمەوە کاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات))(ئەڵوەنی ،٢٠٠٤،ل٧٦)لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گۆشەنیگایە ئەوەیە کە کاتی ڕابردوو بە سەر گێڕانەوەکەدا زاڵە، مەگەر لە دیالۆگدا نەبێ کە بە کات ئێستا ئەنجام دەدرێت.
((ئەم گۆشەنیگایە لە چوارچێوەی(عەقڵی گشت) یان (دانانی گشت )ەوە لەنگەری گرتووە ، بە دەربڕینێکی تر، بیرێکی زاڵتر لە دەرەوە ، کارەکتەرەکانی ڕۆمان ڕێبەرایەتی دەکات ،لە نزیکەوە چاوی لە کردار و بیریانە و لە حوکمی خودایەکدایە کە ئاگای لە ئێستا و ڕابردوو ئایندە هەیە، لە بیر و هەستە شاراوەکانی کارەکتەرەکانشی ئاگادارە، هیچ کات ئامادە نییە حەسابێک بۆ خوێنەر بکات و پێی بڵێ کە چۆن ئەو هەموو زانیارییەی دەست کەوتووە، گوێیەکانی دەتوانێ دەنگی کەسایەتێکان ببیستێ ، بەر لەوەی دەست بە قسان بکەن، و دەتوانێت بە چاوەکانی پشتی دەرگا بەستراوەکان پەردە تاریکەکان ببینێ))(هەمان سەرچاوە ،ل٧٦)

**گۆشەنیگای ناوەکی**

ئەم گۆشەنیگایە کە هەمیشە بە هۆی شێوازی خودی ڕاناوی کەسی یەکەمەوە، بەکاردەهێنرێ ، یەکەمیان جار لە لایەن (هێندری جێمس)ەوە پێشنیار کرا، ئەمەش بە مەبەستی قوتاربوون لە گۆشەنیگای دەرەکی و ڕاناوی ئەوی کەسی سێیەمی تاک.

**گۆشەنیگا لە (ئەڵوەن)دا**

وەک لە باسەکانی پێشووماندا ئاماژەمان پێدا، گۆشەنیگاکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە شێوازەکانی گێڕانەوە و ڕاناوەکانیشەوە هەیە، لە ڕۆمانی ئەڵوەندا بگێڕ۔ پاڵەوان یان بگێڕ۔ شاهید

رۆڵی گێڕانەوە دەبینێ و بۆ خۆی بەشدارە ، گۆشەنیگاکەشی گۆشەنیگایەکی ناوەکییە، ئەمەش مانای وایە کە بگێڕ لە ناوەوەی ڕۆمانەوە دەوەستێ و شتەکان دەگێڕێتەوە.

هەروەها ئێمە دەبینین کە ڕاناوی (من) بۆ گێڕانەوە بەکارهاتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە شێوازی گێڕانەوەکە شێوازێکی خودییە، هەر لە سەرەتای بەشی یەکەمی گەڕانەوەکەدا گێڕەرەوە ئاوها دەست پێدەکا:

(( نەمدەزانی بۆچی دەگەڕام هەموو کتێب و دەفتەر و گۆڤارەکانم ئەم سەر و ئەوسەر پێ دەکردن و تەپوتۆزی چەند ساڵەیانم لێ دەتەکاند ... تاد بەشی یەکەم))(مەنسور،٢٠٠٤،ل٥)

بەم دەستپێکردنەوە ئەوە دەردەکەوێ کە گێڕانەوەکە خودییە، ئەمەش لە بەکارهێنانی ڕاناوی (من)دا دەردەکەوێ ،ئیدی ئەم گێڕانەوە درێژەی دەبێت ، تا دەگاتە بەشی چواردە و لە هەر سیانزە بەشەکەدا گێڕەرەوە شانبەشانی شاکەسی ڕۆمان (ئامە)، ئامادەیی هەیە و بەشدارە.

(( بەڵام لە بەشی چواردە گێڕانەوەکەدا لە ڕێگەی دوو گێڕەرەوە دیکەوە پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لە قاڵبی گفتوگۆیەکی درێژدا کە لاپەڕە نەوەد و یەک تا نەوەد و هەشت دەخایەنێ، ئەمەش ئەو ڕایەمان لاساغ دەکاتەوە گێڕەرەوە هەندێ جار لە ڕێگەی کاریکتەرەکانی دیکەوە ویستوویەتی، شێوازی فرە گێڕەرەوە وەگەڕ بخات، بەپێی ئەو توێرەی کە هەرچی گێڕانەوەی خودییە لە بنەڕەتدا هیچ ڕۆڵێکی بۆ گێڕەرەوەی هەموو شتزان ناهێڵێتەوە.))(سەعید،٢٠٠٦،ل١٢٤)

ئەمەش گوایە لە ڕێگەی گێڕەرەوەی خودیەوە (گێڕەرەوەی هامانشتزان)کە شوێن پێی گێڕانەوەکە دەکەوین ، بە دوای سەرچاوەی زانینی گێڕەرەوەکەدا دەگەڕێن، دەبینین کە لە زۆر جێگە، یان بەشی گێڕانەوەکەدا ئیدی ڕاناوی (ئەو ) زاڵ دەبێ بە سەر گێڕانەوەکەدا ، و لە شێوازی خودییەوە دەیگۆڕێ بۆ بابەتی، بۆ نموونە لە بەشی هەژدەیەمدا تا دەگاتە بەشی بیست و هەشت، زۆربەی ڕووداوەکان بە ڕاناوی (ئەو) ئەنجام دەدرێ ،ئەوە ڕاستە کە حەکایەتخوان لە ڕۆمانی ئەڵوەندا لە جۆری گێڕەرەوە. کارەکتەر ، ڕۆڵی شاکەس نابینێ ، بەڵکو نائامادەیی حەکایەتخوان لە بەشی هەژدەم تا بیست و هەشت ، لە بەشی بیست و نۆ تاکو بەشی سی و هەشت تا ڕادەیەک ئەوەی ئەستەم کردووە، کە بە گێڕانەوەیەکی خودی ناوزەند بکرێ ، ئەگەرچی گۆشەنیگای ناوەکییەو ڕاناوی (من )یشی بە کار هێناوە.

لە بەشی شانزەدا گێڕەرەوە بە هۆی یەکێک لە کاراکتەرەکانەوە شێوازی فرە گێڕەرەوەیی دێنێتە ئاراوە :

((دایکە مانگێ لەمەوبەر کەس لە حەوشە نەبوو، دونیا زۆر گەرم بوو جلم دەشۆرد، بە تەنیا بە ژێر کراسێکەوە لە تەنیشتی بۆ ڕێکەوە دانیشتبووم وردە وردە بە دەم ئیشکردنەوە گۆرانیم دەچری...تاد بەشی شانزەیەم))(مەنسور ،٢٠٠٤،ل١٠٤)

لێرەوە دەبینین کە لەم بەشەدا سەعدییەی کچی ئامە دەبێتە گێڕەرەوەو باسی ئەو ڕۆژەی خۆی و ڕەحیمە کەچەڵ دەکات، لێرەشدا ڕاناوی (ئەو) دەگۆڕێ بە (من) و شێوازی گێڕانەوەی خودی دەگەڕێتەوە بەرەو فرە گێڕانەوەی سەر هەڵدەدا، هەڵبەت لە چەند شوێنکی دیکەشدا چەند کاراکتەرێک وەک مەلیحە ،قالە، فاتە،مچە...تاد ، دەبنە گێڕەرەوە ، بەڵام زۆر لەوە لاوازترن کە ئێمە بەفرە گێڕەرەوەی ناوی ئەم گۆشەنیگایە بێنین ، هەر بۆیە ئەوەی کە لە گۆشەنیگای بەکارهێناوە لە ئەڵوەندا دەردەکەوێ ئەوەیە، کە گۆشەنیگایەکی ناوەکی هەیە و شێوازی زاڵە بە سەریدا ، جگە لەوەش حەگایەتخوانەکەشی بە گێڕەوەی هەمان شتزان دێتە ناوزەند کردن، هەرچەندە وەکو وتمان جاروبار لە زۆر شوێندا شێوازی بابەتی گرتۆتە خۆی، ئەمەش لەو

جێگانەدا دیارە، کە هەندێ جار ئەگەر نەهێڵین زۆر حەکایەتخوان وەک هەموو شتزان دەردەکەوێ وەسفی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکانی دەکا ، و ئاگاداری هەست و بیر و هەڵچوونەکانی ناوەوەی کاراکتەرەکانە.

**ئەنجام**

١. ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی (هەرێمی)یە، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی کەسایەتیەک و چڕبوونەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان لە دەوری ئەوکەسایەتە، بۆتە ڕۆمانی کەسی .

٢. بابەتەکە ،بابەتێکی لاسایی (تەقلیدی)یە، و کێشەکانی پتر کۆمەڵایەتین و نووسەر لە چنینی ڕووداوەکاندا ،وە لە ڕەچاوکردنی مەسەلەی هۆ و ئەنجامدا مامەڵەیەکی لۆژیکیانەی نەکردووە، بۆیە هەست دەکەی کە زۆر شتی پێکەوە پەیوەندی لۆژیکییانەیان لە نێواندا نییە.

٣. تەکنیکی وەسفی لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا بەکارهاتووە ،بەڵام وەسفی دەرەوەی کەسایەتی زاڵ بووە بە سەر ناوەوەی کەسایەتییەکاندا ،جگە لەوەش وەسفی زۆرو بۆری کەسایەتییەکان ، کەمی وەسفی شوێنەکان، ڕۆمانەکە لە هەرێمییەوە گۆڕیوە بۆ کەسی.

٤. کاتی حەکایەت جیاوازە لە کاتی گێڕانەوە ،و مەوداکەیان ڕەنگە پتر لە بیست ساڵ بێت.

٥. زۆربەی ڕووداوەکان بە ڕێگەی تەکنیکی( گەڕانەوە) ئەنجام دراون، جگە لەوەش لە چەند شوێنێکی کەمدا تەکنیکی پێشبینی.

٦. بونیاتی سەرەکی ڕووداو بونیاتێکی بازنەیی یە، لە چوارچێوەی ئەم بونیاتەش دا بونیاتەکانی دیکە بەکار براون، وەک بونیاتی زنجیرەیی ، تێکچرژاو، هاوتەریب.

٧. تەکنیکەکانی کورتکردنەوە ،لابردن، بەڵام دابردن بە کەمی، لەگەڵ وەسف و دیمەن بە کار هاتوون، بەڵام لە وەسفکردندا زۆر زیادەڕەوی کراوە، ئەمەش لارەسەنگیەکەی لە گێڕانەوەدا پێکهێناوە ، چونکە ڕووداو لە وەسف کەمترە .

٨. کاتەکانی مێژوویی، دەروونی، خورافیش، ئەگەرچی خورافی یەک جار ،بەڵام بەکارهاتوون، کاتە مێژووییەکە ڕوونترە لە کاتەکانی تر.

٩. بە هۆی ڕاناوی (من)ی گێڕەرەوە پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام داوە ، بەڵام ئەم (من)ە شاکەسی حەکایەت و ڕۆمان نییە، بەڵکوو شاهید و بەشدارە، بۆیە پێی دەڵێن کارەکتەر- پاڵەوان ، ئەم گەڕەرەوە پێی دەڵێن (هەمانشتزان) ،چونکە توانای چوونە ناو دەروونی کاراکتەرەکانی دیکە و گۆڕینی شوێنەکانی نییە .

١٠. گۆشەنیگای ناوەکی لە گێڕانەوەدا بەکارهێنراوە، چونکە گێڕەرەوە بۆ خۆی بەشداری ڕووداوەکانە.

١١. شێوازی گێڕانەوەکە لە ئەڵواندا خودییە، بەڵام لە هەندێ شوێندا دەگۆڕێ بە بابەتی ،چونکە دەست لە ڕووداوەکان وەردەدا ،و وەسفی ناوەکی کارەکتەرەکانی دیکە دەکات و ئاگاداری مەنۆلۆگەیانەشیان دەبێ ،و ئەمەش تەنها لە توانای گێڕەرەوەی (هەمووشتزان) دایە .


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

١٢. زۆر کەسایەتی و شوێن بۆ بەبێ هۆ ئاخێندراونەتە ناو گێڕانەوەکە ، ئێمە چەندین کەسی لاوەکی دەبینین کە چەندین لاپەڕەی ڕۆمانەکەی بۆ تەرخان کراوە، کە هیچ پەیوەندییێکیان بە ڕووداوەکانەوە نییە ، دواتریش لە سەکۆی ڕووداوەکان لادەبرێن ،ئەو کەسانە زیادەن و بوون و نەبوونیان وەک یەکە، تەنانەت ئەگەر لاشیان بدەین بە گێڕانەوەکە دیار نییە.

**سەرچاوەکتێبەکان:**

١ .ئیسماعیل، (٢٠٠٩) چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، بڵاوکراوەکانی دزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢. پەڕەنگ، (٢٠٠٨) هونەری ڕۆمان، میلان کۆندێرا، و کەریم پەڕەنگ، دەزگا و چاپی سەردەم، سلێمانی.
٣. حسێن، ئەنوەر قادر (٢٠٠٦) ڕۆمانتیک لە گفتوگۆدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم.
٤. ڕەشید، سابیر (٢٠٠٧) ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٥. سەڕاج، عەبدوڵا (٢٠٠٢) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگا و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٦. صدیق، ئارام (٢٠٠٩) ئیستاتیکای گێڕانەوە، زنجیرە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٧. محمد، (٢٠٠٩) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیارعەلی، دەزگای موکریان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٨. منسور، ئەحلام (٢٠٠٤) ڕۆمانی ئەڵوەن، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر.
گۆڤارەکان:
١ .ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (١٩٩٩) هونەری دەستپێک لە دەقی ئەدەبدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٦).
٢. ڕەسوڵ، تەها ئەحمەد (٢٠٠٩) کردەی گێڕانەوە و دامەزراندنەوەی ڕابردوو لە زەمەنی ئێستای دەقدا، گۆڤاری (ناوی گۆڤارەکە لێرەدا نییە)، ژمارە (٤٧).
٣.عەبدوڵا، پێشڕەو (٢٠١٠) توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکی (ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان)، گۆڤاری ڕۆمان، ژمارە (١٥٧).
٤. عوسمان، هەرێم (٢٠٠٩) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەلاحدا، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٤٤)، ساڵی چوارەم.

**Sources of books:**

1. Ismail, (2009) Concept and Aesthetics of Place in Literature, Aras Publishing House, 1st Edition, Erbil .
2. Parang, (2008) Art of the Novel, Milan Condera, and Karim Parang, Sardam Publishing House, Sulaimani .
3. Hussein, Anwar Qadir (2006) Romance in Dialogue, Sulaimani Publishing House, First Edition .
4. Rashid, Sabir (2007) Kurdish Novel Reading and Question, Aras Publishing House, Erbil.
5. Saraj, Abdullah (2002) Towards the Threshold of Novel and Perspectives, Sardam Publishing House, First Edition, Sulaimani .

6. Siddiq, Aram (2009) Aesthetics of Narrative, Series of Publications of the Pen Club, Yad Printing House, First Edition, Sulaimani.
7. Mohammed, (2009) Narrative Structure in Ahmadi Khani's Mam and Zeen and Bakhtiar Ali's City of White Musicians, Mukriyan Publishing House, Ranj Printing House, Sulaimani .
8. Mansour, Ahlam (2004) Alwan Novel, Aras Publishing House, Erbil.

Magazines:

1. Aswad, Nawzad Ahmad (1999) The Art of Beginning in the Text of Literature, Raman Magazine,No. (26.(
2. Rasul, Taha Ahmad (2009) The Act of Narrating and Restoring the Past in the Present Tense of Text, Journal (Name of Journal Not Here), No. (47 .(
3. Abdullah, Peshraw (2010) Elements of Narrative in the Story (The People Who Spilled from a Book), Novel Magazine, No. (157.(
4. Osman, Harem (2009) Technique in three stories of Aram Kaka Falah, Pomegranate Magazine, No. (44), Year Four.